https://www.doi.org/10.31918/twejer. 2361.23

e-ISSN (2617-0752) p-ISSN (2617-0744)

# شوناسی کەلەپوور لە ڕەسەنێتی و هاوچەرخێتی و نوێگەری و سروشگیریی جوانییەکانی لە کاری موزیکیدا

م. امانج غازی شاکراغا
زانکۆی سەلاحەدین
کۆلێژی هونەرە جوانەکان
بەشی هونەرەکانی موزیک

پ. ی. د. محمد عزیزشاکرزازا
زانکۆی سەلاحەدین
کۆلێژی هونەرە جوانەکان
بەشی هونەرەکانی موزیک

پ. د. محمد عبد الله کاکەسوور
زانکۆی سەلاحەدین
کۆلێژی ئاداب
بەشی مێژوو

makakasur@yahoo.com

chakermohammad47@gmail.com

amanj.shaker@su.edu.krd

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە مەبەستیەتی تیشکبخاتەسەر شوناسی کەلەپوور لە ڕەسەنێتی و هاوچەرخێتی و نوێگەریی و دواتریش سروشگیریی جوانییەکانی ئەم کەلەپوورە لە کاری موزیکیدا بخاتەڕوو، کە ناوەڕۆکەکەی پەیوەندی بە ژیان و ژیاری کۆمەڵگەوە هەیە.

کەلەپوور لە سادەترین پێناسەی خۆیدا تۆماری تەواوی چالاکیی مرۆییە، لە کۆمەڵگایەکدا لە ماوەیەکی دوورودرێژدا. بە واتایەکی، تر پاراستنی هەموو چالاکییە مرۆییەکان لە یادگەی بە کۆمەڵی خەڵکدا لە گەلێک لە گەلەکان بۆ ئەوەی هەڵسکەوتیان لە ئێستای نەتەوەدا لە بیرکردنەوە و ڕەفتاردا ڕەنگبداتەوە.

چوارچێوەی تیۆری، چوار تەوەرەی سەرەکی لەخۆگرتووە کە یەکەمیان کورتەیەک لە پێناسەی کەلەپوور و دواتر بابەتی کەلەپوور و گرنگییەکەی و لە تەوەرەی دووەمدا توێژەران لە ڕەسەنێتیدا کۆمەڵێک پرسی ئاراستەی کەلەپوور کردووە، لە تەوەرەی سێیەمیشدا بە وردی سروشگیریی کەلەپووری لە کاری موزیکی و جوانییەکانی کەلەپووری موزیکی باسکراون و دواتر ئەنجام و ڕاسپاردەکان خراونەتەڕوو.

**کلیلی وشەکان**: سروشگیری جوانی – ڕەسەنێتی – کەلەپووری هونەری – هاوچەرخێتی – نوێگەری

## شوناسی کەلەپوور لە ڕەسەنێتی و هاوچەرخێتی و نوێگەری و سروشگیریی جوانییەکانی لە کاری موزیکیدا

### ١-١ پێشەکی

بەڕای توێژەران کەلەپوور دەبێت وەک ژیانی بێ مردن و جووڵانەوەی بەردەوام سەیربکرێت، نەوەک بە بێ جوڵە و خوست ببینرێ، چونکە ئەم کەلەپوورە بریتییە لە کۆمەڵێ نموونە و بەها و ناوەڕۆک و فۆڕم، کە لە ڕابردووەکی دوورەوە ڕێگای بڕیوە و بە درێژایی سەدەکان گوزەری کردووە و تا دواتر گەیشتۆتە ڕابردووەکی نزیک لە خۆمان، بۆ ئەوەی ببێتە باگڕاوند و حاڵەتی بەردەوام بوون لە ئایندەمان. کەلەپوور دەرخەری داهێنانی تاکەکەسی و دەستەجەمعیی میللەتە لە ماوەی مێژووی دووردرێژیدا، کەلەپووریش باشترین دەربڕینی شوناسی کلتووری و نەتەوەیی و تەنانەت خودی کلتوورەکەشە.

کەلەپوور چەندین فۆڕمی ڕۆشنبیری و هونەری و هزری تێدایە کە لە ڕابردووی ئەم دواییە و دووریی نەتەوەوە بە میرات ماونەتەوە، ئەوە دەستکەوتێکی جیاوازی دەستکردی مرۆڤە بە گوێرەی کات و شوێنەکان. کەلەپووری هەر نەتەوەیەک دەتوانێت فاکتەرێکی گرنگ و بنەڕەتی بێت لە پێشکەوتن و گەشەسەندنیدا، چونکە مرۆڤ لە هەموو کات و شوێنێک میراتگری زانین و ئەزموونی باوباپیرانی خۆیەتی، کە لە ئێستادا سوودی لێوەردەگرێ و ئەزموونەکانی بۆ زیاد دەکات و بە زانین و مەعریفەی خۆی پەرەی پێدەدات بۆ ئەوەی ئێستا و داهاتووی خۆی بنیاد بنێت.

تێگەیشتن لە ڕابردوو و هۆشیاریی پێکهاتەکانی تێگەیشتنی داهێنەرانە داوای سروشگیری لە ڕۆح و گەوهەری خۆی دەکات، چونکە بەدەستهێنانی گەوهەری کەلەپوور لە هەڵسەنگاندنی ڕابردوو و گەنجینە

میللیەکەیدا بەرجەستە دەبێ و، هۆشیاریی پێشکەوتوو لە بابەتی کەلەپوور بە گشتی و کەلەپووری میللی بە تایبەتی - چەمک و فۆڕم - سنوورە جێگیرەکانی بەرزدەکاتەوە بۆ زێدەکردنی ڕەهەندەکانی جوانی بۆ ئەو ئاستەی کە شیاوە بۆ کارلێککردنێکی گرنگ لەگەڵ جووڵەی ئێستا و کاتی نوێدا.

نوێگەریزەکردنی کەلەپوور واتە هەڵبژاردنی نموونە و بنچینەکانی کەلەپوور لەسەر بنەمای تێگەیشتن و، جیاکاری و، ڕیزکردن و، پۆلێنکردن و هەڵسەنگاندنی شیکاریی باوەڕدار، کە دوورە لە ڕێکەوت. بەم شێوەیە بەتواناترین توخمەکانی کەلەپوور ڕەگیان لە گۆڕینی ئەو واقیعەی ئێمە داکوتاوە، بۆ ئەوەی بەشداری لە بەکارهێنانی ڕێبازی زانستی بۆ بیرکردنەوە بکەن.

سروشگیریی کەلەپووری لەسەر بنەمای ئاویتەکردنی کەلەپوور و هاوچەرخێتی بنیادنراوە واتە ئێمە لە پێگە و بیرۆکە و بەها کەلەپوورییەکان، سروشگیری دەبینین، کە لەگەڵ دۆخی ئێستای خۆماندا یەکانگیر دەبێ. بەم شێوەیە جیهانی نوێگەریش بە شێوەیەکی یەکلاکەرەوە بەشداری لە پێکهاتنەکەی دەکا، کەواتە ئەمە ئەوەیە کە کۆمەڵێک مانا و چەمک لە کەلەپوورەوە هەڵبژێرین، کە بتوانن بەشداری لە بەڕێوەبردنی ژیان و کاروبارەکانماندا بکەن، و بیکەنە بۆتەیەکی ڕەفتاری یان هزری بۆ ئێمە لە بیرکردنەوە و کردارەکانماندا. (نصیرات، ٢٠١٩: ل ١٧٩)

### ١-٢ کێشەی توێژینەوە:

پوختەی کێشەی توێژینەوە لەوەدا چڕکراوەتەوە کە مەسەلەی ڕەسەنێتی و کەلەپووری کلتووری ببینین کە بە بابەتی گفتوگۆ و مشتومڕی ماوەتەوە. ئەم دوو جەمسەرە دەتوانێت بە یەکێتییەکی ناوەکی

به ئۆرگانیک بگات، که ڕەنگدانەوەی دیدی هاوچەرخێتیی ئەو کەلەپوورە بێت، بەپێی ڕەهەندی ئەنترۆپۆلۆجی کەلەپوور داوامان لێ دەکات وەک پلەوپایە لەگەڵیدا مامەڵە بکەین و جولانەوەیەکی بەردەوامیشی پێ ببەخشین، کە یارمەتیدەر بێت لە پەرەسەندنی مێژوو و گۆڕینی بەرەو بەها مرۆییەکانی وبەستنەوەی بەچوارچێوەی کلتووری وکۆمەلایەتی خۆی، بۆیە شوناسی کەلەپوور هەمیشە ئەوە دووپات دەکاتەوە کە پرۆسەی داهێنەرانە ناتوانرێت لە کەلەپووری کۆمەڵایەتی و کلتووری و ئایدیۆلۆژی جیابکرێتەوە، بۆیە لێرەدا ڕەسەنێتی ڕەهەندێکی ڕەمزیی هەیە کە بە ڕەهەندی ئەنتروپۆلۆجییەوە گرێدراوە.

زاراوەی ڕەسەنێتی لە پراکتیکیی موزیکدا تایبەتمەندییەکی تەکنیکییە، کە پەیوەندی بە کەلەپوورەوە هەیە، بۆیە گوتاری موزیکی ڕەسەن دەکەوێتە نێو ڕێسا هاوبەشەکانی پەیوەست بە شوناسی کلتووری کە لە نێو مەقامەکان و بۆتەی گۆرانی و ئامێرەکانی موزیکدا ڕەنگیداوەتەوە، ئەو ئامێرانەی کە خستنەکاری موزیکی ڕێکدەخەن و بە کەرەستەی کەلەپوورەوە گرێیان دەدەن و، بەم شێوەیە پێناسی چەمکی شوناس دەگاتە ئامانجی خۆی. (بشة، ٢٠٠٣: ل ٢٢)

سەیرکردنی داهاتوو لە ڕۆحێکی کراوەدا، لەسەر بنەمای کەلەپوورێکی زیندووی موزیکی پەیامێکە کە نوێگەری دەیەوێت بگاتە ئەوەی ڕەچاوی هەموو ڕەهەندەکانی مرۆڤ بکات، و ناکرێ کەلەپووری موزیکی بە زندوویی بمێنێتەوە ئەگەر دەرفەتی ئەوەی پێنەدەین کە لە پێگەی خۆیدا نوێ بکرێتەوە.

تێڕوانینی کەلەپوور هەمیشە هەڵگری تێڕوانینێکە کە لە ڕەچاوکردنی ئێستاوە وەرگیراوە، - هەر کاتێکی ئێستا - ڕووەو ڕابردوو. گێڕانەوەی کەلەپووری پێویستی بە ڕەچاوکردن هەیە لەناو پێکهاتە مێژووییەکەیدا و، پاشان بە ئامرازە زانستییە هاوچەرخەکانی ئێمە و پێگەی ئایدیۆلۆژیی

ئێمە بەستراوە، چونکە دەتوانێت گەوهەری پەیوەندییەکانی نێوان کەلەپوور لە شوێنی مێژوویی خۆی و، لە نێوان ئێستادا لە هەموو ناکۆکییەکانی خۆی ئاشکرا بکات. لەبەر ئەوە پرۆسەی ڕەسەنێتی و هاوچەرخێتی لە کۆمەڵگەیەکەوە کاردانەوە و پاراستنی هاوسەنگیی نێو کۆمەڵگەیەکی تری شارستانی لە ناخەوە شەرعیەت و گرنگیی خۆی پێدەبەخشێت، ئەم پرۆسەیە لە واقیعی پێگەیەکی ئایدیۆلۆژییەوە کە لە ڕێگەی پێگەیەکی کۆمەڵایەتییەوە خۆی سەلماندووە دەستەبەرکراوە. (رمضاني، ١٩٨٧: ل ٨١)

توێژەران هیچ لێکۆڵینەوەیەکی زانستی و ئەکادیمییان لەسەر شوناسی کەلەپووری لە ڕەسەنێتی و هاوچەرخێتی و نوێگەری نەدۆزیوەتەوە کە باس لە سروشگیریی جوانییەکان لە کاری موزیکی و لەو بابەتە گرنگە بکات.

**١-٣گرنگیی توێژینەوە:**

١- ناسینی ئەو پەیوەندییەی نێوان تایبەتمەندییەکانی شوناسی موزیکی کەلەپوور و ڕەسەنێتییەکەی، کە بەرەو ئاڕاستەکانی موزیکی سەردەم هەنگاودەنێ، کە بێگومان ئەمەش خۆی لە هاوچەرخێتی و نوێگەرێتی لە موزیکی گەلانی پێشکەوتوودا بینیوەتەوە.

٢- لەم توێژینەوەیەدا بە گرنگییەوە باس لەو خاڵ و پێکهاتە هونەرییانە کراوە کە توێژەری ئەکادیمیی کورد دەتوانێ وەکو هەنگاوی یەکەم پشتی پێببەستێ، بۆ سەرخستنی پرۆسەی دیاریکردنی شوناسی کەلەپووری نەتەوەیی خۆی و دواتریش ڕەنگدانەوەی ئەو سامانە هونەرییە لە شاکاری موزیکی سەردەمییانە کە هەمیشە پشت ئەستووربێ بە هاوچەرخێتی و نوێگەریی موزیکی کە خۆی لە دانان و ئەرەنج و شیکردنەوەی موزیکی دەبینێتە.

٣- پێویستیی هەنووکەیی هونەری موزیکی هاوچەرخی کوردی بۆ کەوتنەسەرپێی و گەشەسەندن و بەردەوامی بە پشتبەستن بە کەلەپووری گۆرانی و موزیکی میللی و فۆلکلۆری، ئەمەشیان وەک یاوەریکردنێکی هونەریی ئەکادیمی لە بوارە جۆراوجۆرەکانی (هزری هونەری، موزیسیان و دانەری موزیکی ئۆکێستراڵی، هێنانەکایەی باگراوندێکی مێژوویی لە بوارەدا بۆ نەوەکانی ئایندە) چونکە هەژاریی لە هەردوو لایەنی تەکنیکی و ئەکادیمی و کەمیی خوێندنی زانستی لەو بوارە گرنگەدا، گرنگی و پێویستی ئەم توێژینەوەیە پشتڕاست دەکاتەوە.

٤- دۆزینەوەی نموونەی گۆرانی و موزیکی میللی و فۆلکلۆری کە هەڵگری بنەما هونەرییەکان بێ، بۆ ئەوەی شوناسی کەلەپوور لەگەڵ هاوچەرخێتی و نوێگەرێتیی ئاوێزە و ئاوێتەی یەکتر بکات و هەروەها سروشگیریی جوانییەکانی بخاتەڕوو.

٥- گرنگی و زانینی چۆنیەتیی پێناسەکردنی کەلەپوور لە ڕەسەنێتی و هاوچەرخێتی و نوێگەریدا، دواتر سروشبەخشین بە جوانییەکانی لە کاری موزیکیدا، داهێنانی میراتێکی هاوچەرخ و نوێگەرییانەیە کە بەهای کرداریی پێشکەش بە کەلەپووری زیندوو دەکات و، کاریگەرییەکی چالاکیش لە سەر ژیانی هاوچەرخمان و لە بنیادنانی بابەتی ڕاستەقینەی کاری هونەری جێدەهێڵێ. (رمضاني، ١٩٨٧: ل ٨٧)

### ١-٤ ئامانجی توێژینەوە:

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە دۆزینەوەی تایبەتمەندی و پێگەی ڕاستەقینەی شوناسی کەلەپوور لە ڕەسەنێتی و هاوچەرخێتی و نوێگەری و سروشگیرکردنی جوانییەکانی کە لە کاری موزیکیدا سەرچاوەی گرتووە.

بۆیە توێژەران هەوڵدەدەن ئەو هاوکێشە هونەرییە بدۆزنەوە کە چەمکی شوناسی کەلەپووری لە ڕەسەنێتی و هاوچەرخ و جوانیی شاراوەی هەستەوەری لە کاری موزیکیدا بەیەکەوە دەبەستێتەوە.

**١-٥ سنووری توێژینەوە:**

سنووری کاتی: شوناسی کەلەپوور لە ڕەسەنێتی و هاوچەرخێتی و نوێگەری و سروشگیری جوانییەکانی لە کاری موزیکی لە دەیەی کۆتایی نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم ١٩٩١ – ٢٠٠٠ز

سنووری شوێن: ئەو شوێن و ژینگە هونەرییانەی کە دەوڵەمەندن بە کەلەپووری گۆرانی و موزیکی میللی و فۆلکلۆری، دوای ئەوەی کە لە لایەن چەند پسپۆڕێکی کۆکردنەوە و بەئەرشیفکردنی ئەو بابەتە زیندووە دەسنیشاندەکرێن.

سنووری بابەتی:

١- سنووری بابەتیی ئەم توێژینەوەیە، تەنها  ئەو کارە موزیکییانە دەگرێتەخۆ کە هەڵگری شوناسی هونەریی کەلەپووریی نەتەوەیین.

٢- ڕەسەنێتی وەک شوناسی کەلەپوور لە سنووری بابەتیدا، بە مانای سنووردارکردنی نوێگەری نایەت، بەڵکو لەسەر نوێگەری پێویستە کە کاریگەریی خۆی بەسەر کایەکانی هونەردا جێبهێڵێ، ئەمەشیان بێگومان لە نێو قوڵایی ڕەسەنێتییەوە سەرچاوەی گرتووە.

٣- زاراوەی ڕەسەنێتی لە پراکتیکیی موزیکدا تایبەتمەندییەکی تەکنیکییە، کە پەیوەندی بە کەلەپوورەوە هەیە، بۆیە سنووری بابەتی کەلەپوورە میللی و فۆلکلۆرییەکان هەمیشە پەیوەستن بە بابەتەکانی تری میراتی میللەتەوە.

**١-٦ گریمانەی توێژینەوە:**

١ - پەیوەندیی هونەرمەند بە شوناس و کەلەپوور و دەوروبەر و کارلێکەرەکانی تری نێو ئەم پڕۆسەیەوە کاریگەری لەسەر هەڵوێستەکانی بەرانبەر بە ژیان بە گشتی و هونەرەکەش بە تایبەتی جێدەهێڵێ.

٢- نوێگەری پڕۆژەی زیندووی داهاتووە و، کەلەپووریش خاڵی گەیشتن و پەیوەندییە لەگەڵ واقیعی ڕەسەنێتی و هاوچەرخێتیدا.

**١-٧ ڕێبازی توێژینەوە:**

توێژینەوەیەکی بەدواداچوونی سیستەماتیکی گشتگیرە بە شێوازی چۆنایەتیی ئەنجامدراوە، ئەم میتۆدە بۆ لێکۆڵینەوەکانی کۆمەڵایەتی و مرۆیی شیاو و گونجاوە، بۆ گەیشتن بە ئەنجامە لۆژیکییەکان کە پشتگیری ئەو گریمانانە دەکەن کە لە توێژینەوەکەدا هەن.

**٢. چوارچێوەی تیۆری**

**٢-١ شوناسی کەلەپوور [1]:**

هەموو کۆمەڵگایەک کە شوناسی خۆی و کەلەپوورە دیارەکەی دەکاتە قوربانیی هەڵوێستەکانی، ئەوا بێگومان ئەو هۆکارە دەبێتە هۆی ئەوەی کە چەند تاکێکی نیگەران وکێشەدار لە قەیرانی بیرکردنەوەی کلتووریدا بن، ئەمەش وەک ڕاوێژنەکردنە بە ئینتیمای بوونێکی گەورەتر لە کیانی خۆیان کە بەرژەوەندییەکانی ئەو شوناسە لە بەرژەوەندیی خۆیان بە بەرزتر دەبینێ. بۆیە کۆمەڵگا پێویستی بە میراتێکی کەلەپووریی هاوبەش هەیە کە تێیدا هێزی خۆی بەرجەستەبکات، بە تایبەت لە بەرانبەر ئەو قەیرانانەی هەڕەشە لە بوونی دەکەن. هەموو

کەلەپوورێکیش پێویستی بە کۆمەڵگایەکی هۆشیار هەیە کە پارێزگاری لێبکات و پەروەردەی بکات. (الجوهري، ١٩٧٨: ل ٥٢٤)

پێناسەی موزیک و کەلەپوور وەک مرۆڤ کۆنە، بەڵکو لە واقیعە جیهانییەکەیدایە و بە کۆنتریش دەبینرێ لە چەمکە گشتییەکەیدا، ئەم بابەتە تەنیا بۆ کاتبەسەربردن یاخود هونەر بۆ هونەر نەبووە، بەڵکو ئامرازێکی دەربڕینئاسا بە ئاواز و ڕیتمەوە بووە. کەواتە گرێدانی موزیک وەک کار و کاردانەوەیەکی پەیوەست بە ژیان و ویژدانی مرۆڤ و پاشان بە کۆمەڵگا و دواتریش بەو هەڵچوونە جۆراوجۆرانەی کە لە ڕووی موزیکییەوە لە ناوەکانیدا دەرکەوتن، موزیک یەکێک لەو ئاوێنانە بووە کە تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگای دەرخستووە و، لە هەمان کاتیشدا پێکهاتەیەکی گرنگی شوناسیشی بووە، لەبەر ئەوە لە سەرئەنجامدا بووەتە توخمێکی بنچینەیی لەگەڵ چەندین لایەنی کلتوور و پێکهاتەکانی لە ویژدانی تاکەکانیدا. (قطاط، ٢٠٠٤: ل ٣٣)

توێژەران پێیانوایە ئەرکی هونەرمەندی موزیکی ئەوەیە کە بیرۆکە و بۆچوون و ئەزموونی خۆی بگەیەنێتە کەسانی تر و مرۆڤێکی هۆشیار و خاوەن ستایلی خۆشیی بێت، نهێنیی جوانی کاری هونەریی هونەرمەندی موزیسیان لە داهێناندا لە ئاراستەکردنی دەربڕینە هونەرییەکانی بێ هاوتایی خۆیەتی، جگە لەوەی لە بەرانبەر ململانێیەکی گراندا دەجەنگێ، گەیاندنی بیرۆکە و هەست و سۆزی داهێنەرانەی خۆی لەگەڵ موزیکدا لە قووڵایی گرانبەهای کەلەپوورەکەیەتی و جوڵاندنی هزری بۆ دۆزینەوەی خەیاڵەکانی داهێنان و تێکەڵبوونی هەستەوەری ئەبستراکتی موزیکی لە فۆڕم و بنیاددا گرنگترین شتن کە لە پێکهاتەی موزیکیدا بەدەستیدەهێنێت.

موزیک هەمیشە لە نزیکەوە بە کەلەپوورەوە بەستراوەتەوە و، کێشەی نمایشەکەی بە شێوازی مامەڵەکردنی ئێمە گرێدراوە کە چۆن بەکاریدەهێنین. کەلەپوور لەلایەن مرۆڤی سەردەمەوە بە شێوەیەکی تۆکمە

مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێ. ئەمەش جەخت لە پەیوەندیی موزیک بە کەلەپوور وەک ئاماژەیەکی بنەڕەتی دەکاتەوە، کە خولڨاندنی خۆی لە پرۆسەی نوێبوونەوەدا تێیدەپەڕێنێت، ئەمەش بۆ گەیشتن بە کۆکراوەیی ئایدیا و جوانییەکانی ئەو موزیکە کە بتوانێ لەگەڵ واقعی ئەمڕۆدا یەکانگیر ببێ.

ئەگەر بمانەوێت بەدوای چەمکی خستنەکاردا بگەڕین، دەبێت سەرەتا شوناسی دەربڕین و دەرکەوتەکانی و پەیوەندییەکەی بناسێنین. کاتێک کە ئەم چەمکە (خستنەکار) بەستراوەتەوە بە چوارچێوەکانی (کەلەپووری و میللی). قووڵایی ماناسازیی کەلەپووری – لە ڕووی فۆرم و پانتایی هونەری و چەمکەکەیەوە- میراتی کەلەپووریەکە دەگۆڕێت بۆ کردارێکی داهێنەرانەی کاریگەر لە کاری موزیکیدا. (الجبوري، ٢٠٠٩: ل ٦٦٦)

زیادەڕۆیی نییە بڵێین کە هێما کلتوورییەکان کە سروشگیرییان لە کلتووری جەماوەری وەرگرتووە، لە شێوەکردن و گەشەسەندن و پێشخستندا لە هێما فەرمییەکان تێدەپەڕێت، بەردەوام بوون و پاراستنی شوناسی دەستەجەمعیی ئەو بابەتە لە دەروونی خەڵکەوە هەڵقوڵاوە و لە نێوان ڕۆڵەکانی گەلیشدا بڵاوبۆتەوە. بۆیە بە ڕاستگۆیی گوزارشتی لە ئێش و ئازار و خۆزگەکان کردووە و، هەمیشە سنووری شوێنکاتیشی تێپەڕاندووە و لە نێو نەوەکانیشدا بە زیندوویی ماوەتەوە و، هەڵگری بنەما و داب و نەریت و کۆنباو [٢] و بەها پیرۆزەکانیان بووە. (کناعنە، ٢٠٠٠: ل ٦٦)

بۆیە بە ڕای توێژەران چەمکی کەلەپوور و شوناسەکەی، کە خۆی لە ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکان و بواری هونەری خستنەکاری لە نوێگەرێتیدا دەبینێتەوە، بەبێ چەمکی پاراستن و پارێزگاریکردنی بەردەوام تەواونابێت، بۆیە گرنگیدان بە کەلەپوور، نۆستالۆژیایەکی سۆزداری و خەیاڵی نییە بۆ ڕابردوو، بەڵکو بەهای بنەڕەتیی کەلەپوور لەوەدایە کە

نوێنەرایەتیی میراتی میللەت لە دۆخ و سەردەمە جیاوازەکاندا بکات و هۆشیاریی میللەتیش نەوە دوای نەوە، وەک خاڵێکی وەرچەرخان ببەستێتەوە بە ڕۆحی خەڵک و سیمای نەتەوەیی و یەکگرتوویی ناسنامەکەیان. کەواتە فاکتەری بنەڕەتیی پێکەوەنانی ژێرخانێکی هونەری و درککردن بە ڕۆڵی زیندووی کەلەپوور بۆ بنیادنانی کۆمەڵگایەکی هۆشیار لە قووڵایی ویژدانی میللەتەوە نوێنەرایەتی دەکرێن، بۆ ئەوەی بتوانرێ وەکو بابەتێکی نەتەوەیی لە ناخی خۆیاندا هەڵیبگرن و گوزارشتی پێوەبکەن.

کەواتە کەلەپوور گوزارشت لە سەردەمێکی دیاریکراوی کات و کلتوور دەکات هەروەها گوزارشت لە هەموو ژیانێک دەکات، لە هەموو هەلومەرجەکاندا. پاراستنی ئەم چەمکە لە گەڕانێکی مەیدانی، هەمیشەی، زانستی، بەڵگەنامەیی، نەژاد و سەرچاوەکانی. دواتر هێشتنەوەی وەکو گەنجینەیەک و پێشکەشکردنیشی بە بەرگێکی نوێوە، هیچ کاریگەرییەکی نەرێنی لەسەردا جێناهێڵێ. لە هەمان کاتدا دەبێ ڕێگە بە ئازادیی داهێنان و سروشگیریی کەلەپوور بدرێت بە دیدێکی نوێ بۆ هونەرمەندان، تا بنچینە بناسن و بیپارێزین و بڵاویبکەنەوەو، بە لۆژیکێکی کلتووریی هاوسەنگەوە ئاراستەی شاکارێکی داهێنانئامێزیان بکەن. (طموم، ١٩٩٦: ل ٨٨-٩٢)

لە پێناسەیەکی تردا لە چوارچێوەی کێشەکانی پەیوەست بە کەلەپووری هونەریدا هاتووە، کە ڕاستەوخۆ هەردوو چەمکی کۆنباو و نوێگەریی خستۆتە بەر پرسیارگەلێکی مەعریفییەوە، چونکە ئەم دوو چەمکە پەیوەندی لەگەڵ چەمکی کەلەپووردا دروستدەکەن، کە ئایا کۆنباو و لاساییکردنەوە دەتوانن وەکو پانتاییەکی شیاوی زەمینەسازی نوێگەری موزیکی بن؟ لە وەڵامدا دەڵێین دەشێ لاساییکردنەوەکەی نێو خودی خۆی دووبارەکردنەوە یاخود گواستنەوەیەکی کتومتی بابەتەکە بێ. بەڵام

کەلەپوور ئەوەیە کە لە ڕابردووەوە وەک متمانەیەکی میراتی بۆمان ماوەتەوە و، دەبێت بپارێزرێت. ئەوە زەرورەتی پڕۆسەکەیە، بەرهەمی هاوکێشەیەکی کلتوورییە، کە لە کاتێکی پێش ئێستا بەدیهاتووە و لێکۆڵەر بە میراتی گەورەی داناوە تا بیخاتە نێو پرۆسەی نوێگەرییەوە.

بەپێی ئەم پێناسەیە، لاساییکردنەوە دەرئەنجامی کەلەپوورە و گوزارشتە لە هەوڵدانێک بۆ بەرجەستەکردنی واقیع، کە لە ڕێگەیەوە گوتاری موزیکی لەسەر بنەمای سەرچاوەی ئاواز و ڕیتمەکان پێکدێت، هەروەها زمانی موزیکی و نموونەی موزیکی لە نێو بۆتەی کەلەپوورەوە سەرچاوە دەگرێ، کە زمانی موزیکی ڕستە موزیکییەکان هاوبەشی باری دەروونی موزیسیان دەکەن، کە پەیوەندیی نێوان توخمە موزیکییەکان و پێکهاتەی سەرچاوەکان لە ئاواز و ڕیتمدا دیاریدەکەن و، گەواهی ئەو بابەتەش ئەوەیە کە توخمەکانی زمانی موزیکی لە تاکێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگوازرێنەوە، هەروەها لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر، لە ڕێگەی پڕۆسەی لاساییکردنەوە، بە پشتبەستن بە چەندین فۆرمی موزیکی باو لەنێو کۆمەڵگادا. (أبو مراد، ٢٠٠٣: ل ١-٢)

## ٢-٢ کەلەپوور لە ڕەسەنێتیی[٣] و هاوچەرخێتیی[٤] و نوێگەریدا[٥]:

بابەتی ڕەسەنێتی دەگەڕێتەوە بۆ ڕەگداکوتان و پەیوەستبوونی بە چەمکی شوناسەوە، هەروەک چۆن گوزارشتە لە تایبەتمەندیی دەربڕینی ئەو کۆمەڵگایانەی میراتی موزیکییان بۆ ماوەتەوە، یان لە ئەنجامی کەڵەکەبوونی کاریگەریی نێوان کۆمەڵگا و شارستانییەکانی تر لە هەموو جومگەکانی نوێبوونەوەی هاوچەرخ لەگەڵ کۆن و نوێبوونەوە و کەلەپووری کۆن و نوێ، هەروەها پەیوەستبوونە بە سایکۆلۆژیەتێکی داهێنەرانەوە کە لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر گواستراوەتەوە، لێرەدا ڕەسەنێتی بە مانای سنووردارکردنی نوێگەری نایەت، بەڵکو لەسەر نوێگەری پێویستە کە کاریگەریی خۆی بەسەر کایەکانی هونەردا جێبهێڵێ،

ئەمەشیان بێگومان لە نێو قووڵایی ڕەسەنێتییەوە سەرچاوەی گرتووە. (جاسم، ٢٠١٩: ل ٤٠٠)

نوێبوونەوە واتە هێنانەدیی ئەوەی باو نییە، وەک داهێنانی بابەتێک یان شێوازێک کە بەدەرن لە شێوازی ناسراو و بە کۆمەڵی هاوڕا، یان پێداچوونەوە بە بابەتە میللییەکان و هەموارکردنەوەیان بۆ ئەوەی بابەتە وەدیهاتووەکە داهێنەرانە دەربکەوێت. (عمر، ٢٠٠٨: ل ٣٤٩)

لە میراتی موزیکییەوە داهێنراوی داهێنەر وەردەگرین، ئەمەش ناوەڕۆکی ئەم شێوازەی سەردەمی خۆمان و ژیان و ئەزموونەکانمان دیاردەکات. بۆیە نوێکردنەوەی کەلەپوور مانای لاساییکردنەوەی کەلەپوور نییە، لە کەلەپوورەوە شوناسی بابەتەکان بەستراوەتەوە بە چەمکی هونەری لەو بابەتە زیندووە، ئەم هەڵێنجانە لە کەلەپوورەوە. لێرەدا لە هێز و لاوازیدا جیاوازن و فاکتەری جیاوازیان هەیە بۆ کاریگەریی کۆمەڵگا و قووڵایی مێژوو و کلتوور و شکۆمەندی و زیاتر دەوڵەمەندبوونی بابەتەکە، بە هێما کلتوورییەکانی و کەلەپوورە هونەرییەکەیەوە. (کناعنە، ٢٠٠٠: ل ٦٦)

بە ڕای توێژەران کەلەپووری موزیکی و میراتی موزیکی دوو چەمکی هونەریی گرنگن لە ڕووی واتا و دەربڕینەوە، هەرچەندە لە بواری پراکتیزەکردنەوە خزمەت بە یەک ئامانج دەکەن، کە میراتی شارستانییە، بەڵام لە ڕووی وردەکارییەکانی مانای مەبەستدارەوە تا ڕادەیەک جیاوازن. مەبەست لە کەلەپووری موزیکی، هەموو ئەو بابەتانە دەگرێتەخۆ کە بۆ ئێمە پارێزراون لە نێو کەلەپوور و کلتووری گەلدا. کەچی میراتی موزیکی هەموو ئەو بابەتە موزیکییانەیە کە سیمایەکی بە کۆمەڵیان هەیە لە ڕووی داهێنان و نمایش و پێشوازییەوە، لە دایک و باوک و باپیرەکانمان لە ڕێگەی چاودێری و سەیرکردن و بیستن و

گوێگرتنەوە فێری بووین و وەرمانگرتوون و بە شێوەیەکی زارەکی بۆمان گوازراونەتەوە.

بەم مانایە، دەتوانین ئەو بابەتە بە پێوەرەکانی خۆمان بەهای "ڕاستییەکان" و بیرۆکەکانی پێ ببەخشین. بۆ ئەوەی ئەو توانایەی بدەینێ کە هی ئێمە بێت، نەوەک ئێمە هی ئەو بین. کاتێ بەها و بەرهەمەکانی هاوچەرخێتی و نوێگەری وەردەگرین دەبێت لەبەر ئەوە بێت کە شەرعییەتمان پێداون کە ببنە بەشێک لە ئێمە، ئەمە ئەو کاتەیە کە ئێمە مامەڵە لەگەڵ میراتدا دەکەین، ئێمە ئەو کەسانەین کە هەڵسەنگاندن و حوکم و هەڵبژاردنی بۆ دەکەین و میراتی موزیکیش دەبێتە بەشێک لە ئێمە، بەشێک لە ڕەسەنێتیی ئێستامان، بۆیە ئێمە هی ئەوین بە سادەیی و بێ دوو دڵی. لەبەرئەوەی ئێمە ئەو کەسانەین کە کردارەکە ئەنجامدەدەین، بەم مانایەش بێ ئەم دوو چەمکە دەبنە میراتی ئێمە.

کاتێ مرۆڤ خۆی و پێگەی خۆی لەبیربکات، ئەمە بە واتای لەبیرکردنی هەموو ئەو شت و بیرۆکانەیە، کە پەیوەستە پێیانەوە، جا لێرەدا مرۆڤ بیەوێت یان نەیەوێت، ئەوە ناوەندی بینینەکەیە. بۆ لەبیرکردن یان نکۆڵیکردنی ئەم ڕاستییە مانای ئەوەیە کە بەردەوام خۆی ڕەتدەکاتەوە، چونکە شتەکان، بیرۆکەکان و ڕاستییەکان ئەگەر بۆ تۆ نەبێت، ئەمە مانای ئەوەیە کە مرۆڤ لە هەموو ئاراستە و گۆشە و ڕوانگەکان دەورەدراوە. ئەمە بۆ مرۆڤ گونجاو نییە. واتە مرۆڤ لە ناوەندی بیرکردنەوە بێگومانەکەدا بڕیاربدات، تەنانەت ئەگەر نکۆڵیشی لێ بکات. بۆیە ئەرکی ئێمە ئەوەیە کە هەمیشە ئەوە بەبیر مرۆڤ بهێنینەوە.

هیچ پێناسەیەک بۆ کەلەپوور و شوناسی موزیکی ناتوانێت ڕەخنە ببەخشێت، بە فەزڵی ئەوەی کە هەموو ئەو بەشدارییەی کە دەیکەین هەمیشە ناتەواودەبێ ئەگەر تا ڕادەیەکی زۆر نکۆڵی لە دابونەریت و

لاساییکردنەوە نەکرێت، بەم پێودانگەش بێ ئەوا هەرگیز ناتوانین خەیاڵ و داهێنانی موزیکی بەدەستبهێنین. (بشة، ٢٠٠٣: ل ٣٢)

بەڕای تەڕابلوسی پێویستە شوناس لە نێو گرووپە تاکەکاندا، بە بژاردە و ئەندامانی تری کۆمەڵگاوە سەرەڕای جیاوازییەکانیان کە دواتر لەگەڵ فاکتەرە شارستانی و مێژوویی و کۆمەڵایەتی و ئاینییەکاندا ئاوێتەدەبن، بە نەگۆڕی بمێنێتەوە، بۆ نموونە لە ڕووی هزری و میتۆدییەوە لە مامەڵەکانی نێوانیاندا. (بشة، ٢٠١٣: ل ١٨٠-١٨١)

نوێگەری بە هەلێک نەهاتۆتە ئاراوە، بەڵکو بە پێداگیری و ئەنجامی کەڵەکەبوون و بناغەی کەلەپووری گۆڕاو بووە، هەروەک هەموو داهێنراوەکان لە جووڵەی گۆڕانی بەردەوام لە نێو ستایلێکی دیاریکراودا یان لە چوارچێوەیەکدا، ئەمەش بۆ ئەوەی بتواندرێ لەگەڵ ڕۆحی سەردەمدا هەنگاو بنێ.

دانیمیزمی کۆمەڵگا دەتوانێت دینامیکی کەلەپووری موزیکی بەرەو پێشەوە ببات، لە لایەکی ترەوە پەیامی کەلەپوور بانگێشت نییە بۆ ستایشکردنی لە هەموو نەرێنییەکانی، بەڵکو ئەوە بانگەوازێکە بۆ تێگەیشتن لە کەلەپوور، بۆ تیشک خستنە سەر هەموو ئەو شتانەی کە تێیدا ڕەسەنن و بۆ دووبارە ئاشکراکردن و پێداچوونەوەی کەلەپوور، کە پێویستییەکی هەنووکەییە بۆ زانینی ئەوەی کە ئێمە لە ڕووی موزیکییەوە چیمان هەیە، بە هەموو سوود و زیانەکانیەوە، بۆیە ئەم خاڵە گرنگە ئاماژەیەکی ڕوونە کە کەلەپوور هیچ کاتێک خۆی دووبارە ناکاتەوە، بەڵکو هەمیشە لە گۆڕانی بەردەوامدایە تا بتوانێ خۆی لەگەڵ سەردەمەکاندا بگونجێنێ. (قاسم، ١٩٨١: ل ١٨٠)

ڕەسەنێتی بە مانای ئینتیما نییە بۆ کەلەپوور، بەڵکو هەمیشە سەر بە گەوهەری شارستانیەتی میللەت و نەتەوە و هی شارستانیەتی خۆیەتی،

بۆیە کەلەپووری سەر بە نەتەوە نوێنەرایەتی شارستانیەتی و ئینتیما دەکات. بەڵام ئەگەر بمانەوێت پێناسەیەکی ڕەسەنێتی لە ڕوانگەی پراکتیزەکردنی موزیکیەوە بکەین، ئەوا ڕەسەنێتی کێشەی تێدەکەوێت هەرکاتێک هەوڵبدەین ئەو موزیکە بکەین بە بابەتێکی لاساییکەرەوە. ئەم چەمکە ناسراوە بە ڕەسەنێتیی، هەندێک گۆڕانی پەیوەست بەو بیرۆکەیەی کە هەر کلتوورێک لە بەرهەمهێنان و قبوولکردندا هێمای هەیە، دەبێ بە وریاییەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێ و نەکرێتە بابەتێک کە لە هێڵە لۆژیکییەکانی خۆی لابدات. (الورتاني، ٢٠١٣: ل ١٢٥)

بە ڕای توێژەران کەلەپوور سەرچاوەی زانین و شارستانییەتە کە بەردەوام شوناس و کلتووری زیندووی لەسەر بنیاددەنرێت، بۆیە کەلەپوور پێکهاتەیەکی بنەڕەتیی ناسنامەی دەربڕین و گواستنەوەی بەها هونەریەکانیەتی بۆ نەوەکانی ئایندە، ئەمەش بەرپرسیارێتی و پەیامێکی گرنگ و لە هەمانکاتیشدا لەبەرچاوگرتنێکی گەورەی سامانی مرۆیی کەڵەکەبووە، کە بە درێژایی مێژوو لە ڕۆحی نەتەوەیی دانەبڕاوە. بۆیە پاراستنی کەلەپوور بەو ستایل و شێوە دەربڕینانەی کە خاوەنیەتی، دەمانگەیەنێتە ئامانجی خۆی، کە خۆی لە بەرجەستەکردنی کەلەپووری ڕەسەن لە فۆرمی هاوچەرخێتی و نوێگەرێتیدا دەبینێتەوە.

هەر لەو چوارچێوەیەدا ڕەسەنێتی بە بەستنەوەی بە نوێگەرییەوە، چەمکی خۆی دیاریدەکات، کاتێک ناواخنی مەسەلەی دیاریکردنی پەیوەندیی نێوان هەردوو چەمکی ڕەسەن و نوێ شرۆڤەدەکرێن، بۆیە هەمیشە پێناسەی ڕەسەنێتی بە شێوەیەکی سەرەکی پەیوەستە بە پێناسەی کەلەپوورەوە و لە کۆنتێکستی جیاجیاشەوە دەکرێ ببەسترێتەوە بە نوێگەرییەوە بە مەرجێک لە خزمەتی ڕەوتی خستنەکاری کەلەپوور بێت لە بابەتێکی سەردەمییانەدا. (المراكشي، ٢٠٠٦: ل ٦)

جولانەوەی ئەمڕۆی واقیع، ئاماژە بە پێویستیی نوێبوونەوە دەکات لەسەر بنەمای کەلەپووری موزیکی کۆنباو و میللی، نوێبوونەوەی دەربڕینی موزیکی لەسەر بنەمای سروشگیریی وەرگیراو، لە کەلەپووری کۆنباو و میللی بووەتە پێویستییەکی بەپەلە بۆ دەستەبەرکردنی هەلومەرجی سەردەمییانە و پێداویستییە موزیکییەکانی هونەرێک کە لەسەر بنەمای چوارچێوەیەکی ڕەسەن سەرچاوەی گرتبێ بۆ ئەوەی لەگەڵ پێداویستییەکانی سەردەمدا بڕوات، ئەمەشیان بۆ پاراستنی لە هەستی نامۆیی یان پشتبەستن بە ڕۆژئاوا و دابڕان لە کلتووری نەتەوەکەی. دیالێکتیکی ڕەسەنێتی و هاوچەرخێتی لە ئەزموونەکانی موزیکی عەرەبی هاوچەرخدا خەریکە لە نێوان بۆچوون و بۆچوونەکانی تردا دەشەکێتەوە، کەسانێک هەن کە بەکارهێنانی میلۆدی ڕۆژهەڵاتی لە نێو تێمپلەیتەکانی ئەوروپادا یان دابەشکردنیان، لە لەلایەن ئۆرکێستراکانەوە بۆ ناسەقامگیرکردنی شێوازی ڕۆژهەڵاتیی ڕەسەنییان ئەنجامدەدرێن و، لە لایەکی تریشەوە کەسانێک هەن کە لە سروشتدا پێشوازی لەو جۆرە کارە هاوچەرخانە دەکەن، بەهۆی ڕۆڵی پۆزەتیڤی کەلەپووری کلتووری بۆ بیری مرۆڤ و بە وەبەرهێنان و سروشگیریی بەخشی ئازادانە دەیچوێنن. (ابو المجد، ١٩٩٥: ل ٨٧)

ڕەسەنێتیی موزیکی بە لاساییکردنەوەی ئەوانەی پێش ئێستا نایەتەدی بۆ ئەوەی بیانناسینەوە و سوود لە بیرۆکە و ئەزموونەکانیان وەربگرین. بەڵکو ئەم ڕەسەنێتییە بۆ ئەوەیە کە بتوانین گوزارشتی داهاتوو و نوێ دروستبکەین. ئەوەی کە ئێمە ویستوومانە لە دووپاتکردنەوەیە لەم بوارەدا کاتێک کە ئێمە کارێکی موزیکی لاساییکردنەوە بەرجەستەدەکەین، بە ناوی ئەو کەسانەوە گوزارشت دەکەین کە دەیانەوێ فۆڕمی نوێ بنیادبنێن. بەڵام ئەگەر شتێکی نوێ بەرهەمبهێنین ئەوا بە ناوی تاکگەرایی نوێوە قسە دەکەین، چونکە

دوورکەوتنەوە لە ڕێبازە موزیکییەکان کە وەک تێڕوانینێک شێوە دەگرن کارێکی وا سادە و ئاسان نییە. (بشة، ٢٠١٦: ل ٧٧)

نوێگەری لە بۆشاییەوە نەهاتووە، بەڵکو هەوێنەکەی لە کەلەپووردا بە ئاسانی هەستیپێدەکرێ و دەبینرێت، ئەم ئاساییەش وایکردووە کە پسپۆڕی کەلەپووری لە نێو خودی کەلەپووری خۆیاندا نوێگەرێتیی خۆیان بەدەستبهێنن. بۆیە خەڵک نوێگەری بە ئاسایی لە کەلەپووری ئەوانی تردا بەدیناکات، ئەمەشیان پەیوەندی بە نموونەی نوێگەریبوون لە کۆمەڵگادا هەیە، تێڕوانینێک لەو بابەتە پەرەپێدراوە ئەوەیە کاتێ دەبینین ڕۆژئاوا سۆزی ڕۆژهەڵات ئاوێتەی نموونەیەکی هونەریی خۆی دەکات. لەو وەرچەرخانەدا و لە سەردەمی مێژووی هاوچەرخدا دیارە کە بواری موزیک لە پەراوێزی نوێگەری و پەیوەندیی کەلەپووری بە واقیعی هونەرییەوە گەیشتۆتە ترۆپکی ناساندنی خۆی، واتە لە نێوان نموونەی هونەری ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتیدا نوێگەری و ڕێبازی پێشکەوتن لە ئارادایە و، هاوچەشنی ئەو ڕەوشەیە کە موزیک تێیدا پابەندی کاری ڕەسەن و نوێگەرییانە بووە. کەلەپوور دەتوانێت لە دەرەوەی بیرکردنەوەی تەسکەوە ئاوێتەی نوێگەری ببێت، ئەمەش بە دیاریکردنی مەزهەبێکی هاوچەرخ و دواتر پێوانەکردنی کەلەپووری لەسەری، هەروەها کەلەپوور دەتوانێت لە ناوەوەش ئاوێزانی داهێنانێک ببێتەوە بە تیشکخستنەسەر گرنگترین لایەنەکانی میراتی کەلەپووریمان، بۆیە درەوشانەوەی موزیک لە کەلەپووردا خاڵی کۆبوونەوە و پەیوەندییە لەگەڵ واقیعی هاوچەرخ و نوێگەریمان. (عیاد، ٢٠١٧: ل ٦١)

هاوچەرخێتی و نوێگەری لە موزیکدا هیچ سنوورێکی بۆ خەیاڵی هونەرمەند نییە، چونکە زمانی موزیک بە شێوەیەکی بنچینەیی زمانی حاڵیبوونە لە یەکتری بۆ ئاسۆی نوێبوونەوە، لەسەر زەمینە بابەتییەکانی موزیک و کەلەپووری خەڵک چەندین قۆناغ و ڕێگە و خاڵی وەچەرخان

هەن کە گوزارشت لەگەڵ مامەڵەکردنی کەلەپووری پەیوەست بە کۆن و تازە بابەتەکان دەکەن، گرنگترینیان:

١- هاندانی پێکهاتەی موزیکی نوێ لەسەر بنەمای گەوهەر و پێکهاتەکانی کەلەپوور.

٢- سروشگیریی بەخشی ئاوازە کەلەپوورییەکان لە دانراوە موزیکییەکاندا بە هاوکێشەیەکی نوێ و چوارچێوەیەکی دارشتن ئامێزەوە.

٣- دووبارە دارشتنەوەی هەندێک پارچە موزیکی کەلەپووری، بە زمانێکی موزیکی نوێ و پاراستنی چوارچێوەی دەرەکی و ناوەڕۆکی گشتیی بابەتەکە.

بینینە نوێیەکەی دانەرێکیی موزیکی لە دانەرێکی تر بەپێی زمانی موزیکی جیاوازە و، هەندێ جار نارەزایی و چێژ و تێگەیشتنی خەڵک بەو مانایە نییە کە ئێمە ڕەتیبکەینەوە، یان بنچینەکە بشێوێنین، چونکە پرۆسەی چێژوەرگرتن هەردەم پەیوەستە بە سروشتی ئەزموونی موزیکی گوێگرەوە. (طموم، ١٩٩٦: ل ٨٨-٩٢)

لە ڕێگەی ئەو پێناسانەی سەرەوە بەو ئەنجامە دەگەین، کە نوێگەری زاراوەیەکی فرە چەمکە و جیاوازە لە ڕوانگەی ڕەخنەگرانەوە، هەریەکێکیش بە پێی تێگەیشتنی سەردەمییانەی خۆی پێناسەی خۆی بەم چەمکە داوە. لێرەوە دەتوانین بڵێین کە کەسانێک هەوڵیانداوە درزێک بخەنە نێوان نوێگەری و کەلەپووردا، هەندێکی تر ویستوویانە کەلەپوور بە ئێستاوە گرێبدەن. لە بەرانبەر ئەم فرەیی پێناسانەدا تێبینیمان کرد کە نوێگەری، نوێنەرایەتیی هاوبەشی نێوان ڕەخنەگرانی گەلان دەکات لە ڕووی چەمکەکانی فەلسەفی و زانستی و کۆمەڵایەتی و هونەری و ئەدەبییەوە، بە پێی پرەنسیپی گەشەسەندنەوە.

بەرهەمی ڕەسەن لەوانەیە کۆن یان هاوچەرخ بێت. ڕەسەنێتی لە سەرووی هەموو شتێکەوە ئەنجامەکان جێبەجێناکات. بەڵکو زۆرجار هاوکێشەیەکی نوێ و دەربڕینی ژمارەیەک لە توخمە ناسراوەکان یان دەربڕینەکانە، ئەوە پڕۆسەی یەکخستنە کە بوون یان پێکهاتەیەکی نوێ دەبەخشێت. ئەمە ئەو پڕۆسە دەوڵەمەند و ئاڵۆزە تێکەڵەیە، کە بە کاراکتەری خۆی دیاریدەکرێت، کە بەرهەمی ڕەسەن لە وتە یان بەرهەمهێنان جیادەکاتەوە. بۆیە لێرەدا نەژادی بابەتەکە چەند ڕەسەن دەربکەوێت، ئەوا بە پێوەری ئێستا پڕتر دەچێتە نێو مێژووی پڕ بایەخی خۆی و پتر گرنگیشی پێبدرێت. (الجابري، ١٩٩١: ل ٤٠-٤١)

ئێمە خوێندنەوەیەکی نوێگەریی کەلەپوورمان دەوێت کە خۆی بەدووربگرێت لە کەوتنە ناو خوێندنەوەیەکی کەلەپووری بۆ ئەم سەردەمەوە، بە واتایەکی تر ئامانج لە پشت خوێندنەوەی خۆی وەک "خوێندنەوەیەکی هاوچەرخێتیی کەلەپوور" خۆبەدوورگرتنە لە کەوتنە ژێر دەسەلاتی کەلەپووری، بەلام ئەمە مەترسیدارترین شتە کە ئێمە ڕادەکێشێت بۆ (خوێندنەوەیەکی کەلەپووریی ئەم سەردەمە) واتە بۆ درێژکردنەوەی ڕابردوو بۆ ئەوەی لە جیاتی ئێستا و داهاتوو ڕەفتاربکات. (سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٠)

بە ڕای توێژەران نەوەکانی خاوەن بەهرە و سەلیقەی هونەری بە پێی توانا و داهێنان و دەربڕینە دەروونییەکانیان، بەشداریی کارایان لە جووڵە و گۆڕانکاری و گەشەکردنە موزیکییە کەلەپووری و کولتوورییەکاندا هەیە، بۆیە ئەوان بە خستنەکار و مامەڵەکردنی هونەری لەگەڵ بابەتی کەلەپوور و کلتووریدا، لە ئێستا و ئایندەدا لە کاری موزیکیدا، هەمیشە بەرپرسیارن بەرانبەر لەدەستنەدانی سیما و ڕۆح و ڕەسەنێتیی بابەتە هونەرییەکان.

به شێوەیەکی گشتی مەسەلەی ڕەسەنێتی و میراتی کلتووری هەمیشە گفتوگۆ و مشتومڕی بەردەوام بووە، هەروەها قوڵکردنەوەی چەمکی کەلەپوور و پەیوەندی بە نوێبوونەوە هەیە، ئەوی دواییان بە هاوشێوەکردنی کەلەپوور دادەنرێت لە چوارچێوەیەکی هاوچەرخدا، کە تێیدا ڕەسەنێتیی کەلەپووری ناتوانرێت لە واقیعی زیندوو جیابکرێتەوە، بەڵکو توخمێکی گۆڕاو و گۆڕێنەرە، چونکە کەلەپوور وەکو مەزهەبێکی نەگۆڕی تیۆری و واقیعی هەمیشەیی نییە، بۆیە ڕەنگە ئەم گوزارشتە لە پەیوەندیی ڕەسەنێتی بۆ نوێگەری هەوڵێک بێت بۆ گونجاندنی بابەتەکە لەگەڵ پێداویستییەکانی ئێستادا. (حنفي، ٢٠٠٢: ل ١٣)

لە ڕاستیدا هەموو کلتوورێک لە سەردەمی پۆست نوێگەرییدا هەوڵدەدات لە ڕێگەی هەموو هاندەرێکی گونجاوەوە بوونی خۆی بسەپێنێت، بەڵام ئەوەی کۆتی کلتوورییەکەی دەکات، ئەو پەیوەندییە داهێنانە هونەرییەیە کە لەناواخنیدا، بە تایبەتی لە موزیکدا (شوناس و ڕەسەنێتی). هەندێک پێیانوایە کە کاری موزیکی لە دونیای ڕۆژهەڵاتدا لەدایکبوونێکی سروشتی نەبووە، لە ڕابردوودا بەلایەنی کەمەوە، موزیک پەیوەندییەکی ئەوتۆ و ڕەنگدانەوەی بە ئێستاوە نەبووە و موزیکی ڕۆژهەڵاتی نەیتوانیوە پردی پەڕینەوە بۆ کارەکانی، لە نێوان کلتوورە جیاجیاکان دروستبکات. (بشة، ٢٠١٢: ل ٦٢)

بۆیە قسەکردن لەسەر پەیوەندیی نوێگەری بە کەلەپوورەوە دەمانگەڕێنێتەوە بۆ چەمکە فەلسەفییەکان و پەیوەندیی خودی بابەتەکە لەگەڵ ئەوی تردا، هەروەها ڕەنگە کێشەیەکی پەیوەست بە گونجاندنێکی کۆمەڵایەتی و شارستانی لە ژێر ڕۆشنایی گۆڕین و تەوژمەکانی هزری و نەتەوەییی ڕۆژئاوایی هەبێ کە چۆن کلتووری ڕۆژهەڵاتییان خستە ژێر هەیبەت و دزەپێکردنی پرەنسیپەکانی. پاراستنی کەلەپووری موزیکی ڕۆژهەڵاتی لە شێواندن و گۆڕان، لە تایبەتمەندییە تەکنیکییەکانی ئەو

گەلانەیە کە خاوەن میراتێکی موزیکیی لەبننەهاتووی ڕەسەنن، چونکە هەر ئەو ڕەوتە نوێگەرییەیە دەتوانێت، ئەو میراتە بیگەیەنێتە نەوەکانی ئێستا و هەژموونی خۆی بەسەر کۆمەڵگە پێشکەوتووەکانی جیهاندا بسەپێنێ.

## ٢-٣ سروشگیریی [٦] کەلەپوور لە کاری موزیکیدا [٧]:

سروشگیری لە مێژووی شارستانیەتی مرۆڤایەتیدا، بە پتەوترین و نزیکترین شێوە پەیوەندی بە ئاینەوە هەبووە. کاتێک وشەی باس لە سروشگیریی دەکرێت بیرکردنەوەکانمان ڕاستەوخۆ بەرەو ڕووی ڕۆحی کەسایەتیی مرۆڤەوە دەچن و بە دوورەپەرێزییەوە لە نێو بیرگەی کلتوورییەوە جێگیر دەبن، بۆیە ئەرستۆ ئەو لۆژیکەی بە تەواوی ڕەتکردەوە کاتێک گوتی شیعر لە قووڵایی سروشتی مرۆڤەوە هاتووە. (شكري، ١٩٨٦: ل ٣٩)

ئەم دیالێکتیکە بە هەڵایساوی دەمێنێتەوە - مەبەستمان پەیوەندیی داهێنانە بە هەست و نەستەوە، یان دارمانی بە کاریگەریی دەرەکی و هاندانی ناوەکی یاخود لە نێوان بابەتی خۆڕسک و دروستکراودا - ئەو تیۆرانەی میتۆدی دەروونی کە لە نێوان هەست و نائاگایی لە داڕشتنی تەلارسازیی داهێنەر باڵا دەستن لێرەدا ڕۆڵی کاریگەر دەبینن، لەم بارەیەوە دی لاکروا دەڵێت: سروشگیری بوونی خۆی هەیە، بەڵام ئەم بوونە بۆ ڕوونکردنەوەی داهێنان بەس نییە. ئەوە بەرژەوەندیی هونەرمەند نییە کە لە بەرانبەر سەنگەری سروشگیریدا بوەستێت، بەڵام ڕەنگە سوودی گەورەی ئەوە بێت، کە بتوانێت ئەو تیشکانە کۆنترۆڵبکات و لێیانڕامێنێ. (مصطفى، ١٩٦٩: ل ١٩١)

ئەمە مانای ئەوەیە کە سروشگیریی بەو ئاڕاستەیە هەنگاو بنێ کە مەبەستمانە. هەرچۆنێک بێت دەتوانین لە زاراوەی سروشگیرییەوە ولە چەمکەکەی خۆیدا هێڵی مانابەخش بکێشین. لە سەردەمی ئێمەدا

ئەزموونێکی سۆزداریی هەنووکەیی هەیە کە هونەرمەند پێیدا تێپەڕدەبێت. ئەم کاریگەرییە ئەزموونێکی کەلەپووریی جێگیر لە یادەوەریدا جێدەهێڵێ، ئەزموونی کاریگەریی بیرخەرەوەکانی بیرگە پێویستە لێرە بەرزببێتەوە. پاراستن و خوێندنەوەی ئەو شارەزاییە هونەرییەی کە داهێنەری کارەکە ئەنجامیدەدات. بناغەی کارلێک لە نێوان بەهرە و سەرمایەی هونەری پێکدەهێنێت، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە هونەرمەند بەردەوام کاری داهێنەرانە بەدوای خۆیدا بهێنێ. (محمد، ١٩٩٩: ل ١٠٨)

ئێمە بانگەشەی ئەوە ناکەین کە زاراوەی سروشگیریی بەخش لە هەموو کەیسەکان و پێداویستییەکانی، بە مانا هونەرییەکەی خۆی بە لاڕێدابردنی دیدگەی هونەرییەکەیەتی، بەڵکو ئەمە دیدێکی هاوچەرخە کە پێویستی بە قەناعەتێکی پتەوی جدییەتی کەلەپوور هەیە، لە ڕێگەی پەیوەندی ڕاستەوخۆی ئەو بابەتە بە شوناسەوە، لە ئەنجامدا گەڕانەوەیەکی هوشیارانەیە بۆ هونەر و ڕەگەزە دەوڵەمەندەکانی خۆی بۆ چاکسازی و بەکارخستنی. دەکرێ سەیرکردنی سروشگیری بەوە ببەسترێتەوە کە بنیادێکی داهێنەرانەی ئایندەبەخشە و، لە هەمان کاتدا ڕووبەڕووبوونەوەی بابەتە سواوەکانە، ئەمەیان جووڵانەوەیەکی مەبەستدارە لە نێوان هەستەوەری دەستەجەمعی کە لە یادگەی جەمارەوە سەرچاوەی گرتووە، ئەمەشیان هەرگیز لە زەمەنی خستنەکاری کەلەپوورەوە دانابڕێ. (خليفة، ٢٠٠٩: ل ٢٤٨)

دەتوانین دەست لە جومگە بنەڕەتییەکانی سروشگیریی بدەین و بە لێکۆڵینەوە ڕاستیی ئەو ماددە کەلەپوورە سروشگیریی بەخشە (ڕەگەکانی، بنچینەکانی، بەراوردکاری و پێکهاتە داهێنەرەکان)ی شرۆڤەبکەین و چۆنیەتیی پێکهێنانی کارێکی داهێنەرانەی نوێ لەسەر سنوورە کۆنەکانی و لە داهێنانی پەیوەندیی دیالکتیکیی نێوانیاندا کە لە ڕێگەیەوە تایبەتمەندی و بێهاوتا و لێکجیایی کاری هونەری نوێ بەرجەستە دەکات. وەک کارێکی

هونەری کەرەستەی کەلەپووری دواتر دەبێتە ماسکێکی میتافۆڕی کە هاوتەریب بێت و لەگەڵ پڕۆسەی سروشگیریدا بگونجێت. هەروەها ڕەهەندێکی مانایی بۆ بابەتەکە زیادبکات. کۆمەڵێک هەست و هەستکردن یاخود دەرخستنی خەیاڵ لێرەدا بەندن بەوەی کە ئەم کارە داهێنەرە نوێیە تا ڕادەیەک بەشداری لە تیشکخستنەسەر کەرەستەی کەلەپووریی خۆی و تەقاندنەوەی مانای شاراوەی ئاشکرای دەکات و لە زەمەنێکدا زیندووی دەکاتەوە. کەلەپووری میللی دەتوانێ ڕۆڵی یەکلاکەرەوە لە بینینی واقیعێکی هونەریی نوێخواز ببینێ. (النجار، ٢٠٠١: ل ١٢)

پڕۆسەی سروشبەخشی میراتە میللییەکان خۆیلەخۆیدا ملکەچی تواناکانی خودی هونەرمەندە بۆ سروشگیریی پەخشکردنی بابەتەکەی خۆی و بەرپرسیارێتیی ئەو هونەرمەندە کە توخمەکان یان تێماکان لە میراتە میللیەکانەوە دەگێڕێتەوە. لێرەدا دەبێ هونەرمەند بە باشی و تۆکمەییەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێ. بۆیە پێویستە گرنگی بەو هونەرمەندە بدەین کە ئەو ماددەیە بەکاردێنێت و تا ڕادەی ڕەسەنێتیی خۆی لە داهێنانی جەماوەریدا دەیگێڕێتەوە، هەروەها پێویستە مانا و ئاماژەکان لە کارە هونەرییە میلییەکەیدا بەکاربهێنێ، دواتریش وەکو فۆڕمێکی هونەری بناسرێتەوە، بۆ ئەوەی پەرۆشی و سۆزی هونەریی بگاتە ئاستی لێپرسینەوە. هەروەها هونەرمەند دەبێ ئەو توخم و بابەتانە بەکاربهێنێت کە لە ڕاستیدا داهێنانی باو و بەکارهێنانی کارە بەرهەمهێندراوەکە لە ڕەسەنێتیی خۆی بپارێزێ، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە هەموو توخمێکی داهێنانی جەماوەری بە کەسانی ترەوە بەستراوەتەوە و هەریەک لە ماددە کەلەپوورە میللییەکان هەمیشە پەیوەستن بە بابەتەکانی تری میراتی میللییەوە. (صادق، ٢٠٠٧: ل ١٠٢)

سروشگیری لەدایکبوونێکی هەڕەمەکی نییە بەڵکو بابەتێکی ڕێنوێنیکراوە، لەسەر بنەمای زیرەکی و ڕەفتاری باش و هۆشیاری بنچینە

هونەرییەکان و ئەرشیفەکانی بنیادنراوە، بۆیە وێنایەکی داهێنەرانەی بێوێنەی کەسایەتی و مەزاج و خودی هونەری خۆی بەرهەمدەهێنێت، دواتر لە پێکهاتەی کوالیتیی خۆیدا تێدەپەڕێت بۆ پێکهاتەیەکی جیاواز کە بەرهەمهێنان یان پێکهێنانی تێبینییە نوێیەکان دەگرێتەوە.

موزیسیانی هاوچەرخ دەبێت کەلەپوور هەرس بکات و تێبگات،بۆ ئەوەی خۆی بچێتە نێو پرۆسە و پرۆژەکەوە، بۆ ئەوەی ببێتە بەشێک لە پێکهاتەی خۆی و دوای ئەوە بتوانێت بە شێواز و ستایلی تایبەتی خۆیەوە بگاتە کەلەپوورەکە. داهێنان و نەمریی هونەری بۆ موزیسیانان و لەئامێزگرتنی ئەزموونی پێشەنگ و خستنەڕووی دیدی هونەری هەموو ئەمانە بە شێوازێک لە شێوازەکان لەسەر سروشگیریی ڕاستەوخۆی ئەو خستنەکارە پێگەیشتووەیە بنیادنراون. موزیک لەسەر بنەمای ڕەسەنێتی و لەژێر سایەی ئەم خستنەکارەدا هاوچەرخانەدا بۆ پانتاییەکی کراوە لەسەر خوێندنەوە هونەرییە جۆراوجۆرەکان لە کات و شوێنی جیاوازدا گۆڕدراو، بەو هۆیەشەوە پێویستیی پێداچوونەوە بە کەلەپوور و پێشکەوتن و گفتوگۆی باش و کلتوورەکەی ئەوەی ئەمڕۆ پێی دەڵێین کەلەپووری موزیکی شارستانیەتێکی دیاریکراوە، گەیشتە قۆناغێکی گەورەی چەکەرەکردن. (الخولي، ١٩٩٧: ل ٤٢٧)

بۆیە لە ڕوانگەی ئەوەی کە موزیکی فۆلکلۆری یەکێکە لە لقەکانی کەلەپوور کە لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمەوە سەرنجی زۆری لێکۆڵەرانی ڕاکێشاوە، توێژەران پێیانوایە تا ئەو کاتەی ئەم سەرنجە گرنگانە بوون بە دیاردەیەکی کولتووری جیهانی، دەنگدانەوەی مامەڵەکردن لەگەڵ موزیکی فۆلکلۆری بە وریایی و دانایی هونەرمەندانی بە ئەزموون لە هونەردا لە ژێر ڕۆشنایی کولتووری هونەری هاوچەرخدا لە ڕوانگەی ئەزموونکردنەوە، بۆ ئاشکراکردنی ئەو بەها و شێواز و ڕێسا جوانکارییە داهێنەرانەی کە لەخۆیدەگرێت، بیرۆکەیەکی مەزن و پڕ بەهای

هونەری بوو بۆ بەیەکەوە گرێدانی چەمکەکانی ڕەسەنێتی و هاوچەرخێتی و نوێگەری و دواتریش ڕەنگدانەوەی سروشگیریی بابەتەکان لە سەرجەم کارە موزیکییەکاندا.

خوێندنەوەی هەر کارێکی هونەری دەبێت لەسەر بنەمای دوو تیۆر بێت: سەیرکردنێک لە خودی کارە هونەرییەکان وەک یەکەیەکی خود ئامێز و ڕوانینێک بۆی وەک بەشێک لە مێژووی گشتی. تێڕوانینی یەکەم داوامان لێدەکات بە شێوەیەکی شیکاری لێی بڕوانین بۆ ئەوەی پێکهاتەکانی بزانین. دیدی دووەمیش پێویستی بەوەیە کە ئێمە (بە شێوەیەکی دەستکرد) لێی وردببینەوە بۆ ئەوەی شوێنی خۆی لە چوارچێوەی گشتیدا بزانین کە بەرهەمی سەردەمی خۆی لەخۆدەگرێت. (عکاشة، ۱۰۰۱: ل ۳-۳۷)

بناغەی بەردەوامی هونەری هەمیشە ئەم گونجاندنەیە لە نێوان ئەوەی هونەرمەند دەیخوڵقێنێت و ئەو بیرۆکەیەی کە پەرەی پێ دەدات، چونکە هونەرمەند هەمیشە گرنگی بە بابەتێک دەدات بۆ بەدیهێنانی یەکڕیزیی ئەو کارە هونەرییەی کە ئامانجێکی هاوبەش لە کۆمەڵگادا بەدیدەهێنێت. کەلەپوور هەمیشە ژیانێکی نوێبووەوەیە و نەبووەتە بزووتنەوەیەکی دەقکراو، بۆیە ئێستای ئێمە ناتوانێ نوێنەرایەتیمان بکات گەر ڕابردووەکەی لە نێو ڕۆحماندا بە زیندوویی نەمابێتەوە. هەر گۆرانییەک نەتوانێ گوزارشت لە دوێنێ و ئەمڕۆ و ئایندە بکات ناشێ وەکو کەلەپوورێکی زیندووی ئاماژەدار بکرێتە چەقی داهێنان. تاقیکەرەوەکان و تیۆرییەکانی دەروونناسان و ڕەنگدانەوەی زانایانی موزیک و ئاوازدانەرەکان هێشتا لەسەر ئەوە موکوڕن، کە کەلەپوور هەوێنی شاکار و نموونەی مانەوەی شوناسی نەتەوەیین. بۆ نموونە، کۆپلاند ئاماژە بەوە دەکات کە لێرەدا دوو تیۆری دژ بە یەک هەن: یەکەمیان ئەوەیە کە مانای موزیکی لە نێو خودی موزیکەکەدا کەڵەکە

بووە و لە دەرەوەیدا هیچ مانایەکی ئەوتۆی نییە. نووسەرانی ئەم بیردۆزە بە خاوەنی تیۆرە ڕەهاکان ناو دەبرێن. تیۆری دووەم ئەوەیە کە موزیک ماناکانی خۆی ئاماژەن بە شتەکان و نیشانەکانی لە سەرەوە و دەرەوەی میلۆدییەکەدا دەبینین. لایەنگرانی ئەم تیۆرەش بە تیۆری (پەیوەستبوون) دەناسرێن.

لە شێوەی فاکتەری ئەزموونی و بیرۆکەی فیکریدا، موزیک مانا و خەسڵەت و کردار و هەستەکان دەگوازێتەوە کە پەیوەندی بە جیهانێکی بەرزترەوە هەیە لەوەی کە هەیەتی. هەرچەندە هەردوو گروپەکە بە ئازادی ڕا و بۆچوونەکانیان دەخەنەڕوو، بەڵام ئاشکرایە کە مانا ڕەهاکان و مانا ڕاوێژکارییەکان بۆ هەردوولا یەکلاییکەرەوە نین، هەردوو تیۆرەکە دەتوانن لە هەمان پارچەی موزیکدا پێکەوە ماناکانیان ببەخشن، وەک چۆن لە هەمان هۆنراوە یاخود لە دوو وێنەی ئاوازدا دەیکەن. (ابو الحب، ١٩٧٠: ل ٣٤-٣٥)

## ٢-٤ جوانییەکانی کەلەپووری لە موزیکدا:

لە ڕووی فیکرییەوە جوانی هێشتا و تا ئێستاشی لەگەڵدا بێ لە باوەشی فەلسەفەدا گەورە دەبێت، تا ئەو کاتەی گوتراوە کە ئەو دوا منداڵە کە فەلسەفە بەرهەمیهێناوە. بۆیە جوانناسی دەبێت زانستێک بێت کە مامەڵە لەگەڵ (پرەنسیپە گشتییەکانی دیاردەی هونەر و جوانی و وەرگرتنی ڕەهەندی جوانییەکانی هونەر وەک تەرکیزێکی گرنگی خۆی بکات) بۆ دەستنیشانکردنی چەمکە ئیستاتیکییەکان و نیشاندانی تایبەتمەندییە بنەڕەتییەکانیان بە ئامانجی شیکردنەوەی ئەو بابەتە گرنگە. (مطر، ١٩٩٢: ل ٣٤-٣٥)

تەنیا شێوازی هونەرییە بە مانای تایبەتیی تێگەیشتنی جیهان دێت، واتە  تێگەیشتن لە خودی هونەرمەند و شێوازەکەی، ئەمانە نیشانەی

دڵنیایی کۆنترۆڵکردنی ئەون، لەسەر هونەر. بۆیە دەبینین کە جوانیی هونەری جوانییەکی (دروستکراو)ە لە عەقڵ. کەواتە عەقڵ و بەرهەمەکانی لە سروشت بەبەهاتر و بەرزترن لە دیاردەکانی ئەو سروشتە، بۆیە جوانیی هونەر هەمیشە لە سەرووی ئەو جوانییەیە کە سروشت پێمان دەبەخشێت.

زۆرێک لە توێژەرانانی جوانی ئارەزوویان لە لێکۆڵینەوەی کێشەی ڕەسەنێتی لە هونەردا کردووە، کاری ڕەسەن ئەو بەرهەمە نوێیەیە کە لە پانتایی مێژوودا وەک جۆرێک لە لێکترازان بەڕێوەدەچێت، وەک ئەوەی ڕاستییەکی بێهاوتا بێت کە لەسەر بنەمای هەموو لێکدانەوەیەک و هەڵاتن لە تەواوی بەراورد و مانای ئەو شتەیە کە (ڕەسەن) ڕابەرایەتی دەکات، پێکهاتبێت. ئەو بابەتە ڕەسەنە لە هەر ڕوخسارێکەوە بە هەر شتێکی تر، لێکچووە کە پێشتر درکمان پێکردووە، یان قبوڵمان کردووە، یاخود لەلامان ناسراوەتەوە.

ڕەسەنێتی واقعێکی داهێنەرانەیە، کە لەگەڵ ئێمە گرنگی بە کارە هونەرییە ڕەسەنەکان دەدات. ڕەسەنێتییەکەی بۆ ئەوەیە کە سەرنجمان ڕابکێشێت و سەرسامیمان پێ ڕەوا ببینێ. ئەو بابەتەش ئەگەر تەنها و بە تایبەتی هەستێکی جوانیی بێت، ئەوا بەس نییە کە پێی بوترێ کاری ڕەسەن، بەڵکو دەبێت بە نوێگەرییەوە دەربکەوێت، چونکە تەرازووی پێوانی هاوسەنگیی ئەو هاوکێشە گەورەیە کە پێیدەڵێن ڕەسەنێتی، لە بنەڕەتدا منداڵدانی هاوچەرخێتییە. (إبراهیم، ١٩٦٧: ل ١٥٩-١٦٠)

هانزلیک پێیوایە کە جوانیی موزیک لە سروشتی موزیکەوەیە، واتە جوانی لێرەدا لە جووڵە نەکەوتووە و پێویستیشی بە هیچ بابەتێکی دەرەکی نییە، بەڵکو بە تەواوی لەو دەنگانە پێکدێت کە بە شێوەیەکی هونەری دەیبەستێتەوە بە میلۆدییەکی بێهاوتا و دواتر جوانیی خۆیان دەردەخەن و لە شێوازی پێکهێنانیان لە هارمۆنی و یاوەریکردندا لە

ئەفراندن نزیکمان دەکەنەوە. گەشەسەندن و بەرجەستەبوونی موزیک لە ڕێگەی زمان و ماتریاڵی موزیکی فۆڕمووولەکراو، وەک ڕیتم و ئاواز و هارمۆنی دەبن؟ لێرەدا هانز لیک ڕاستەوخۆ وەڵامماندەداتەوە کە ئەوەی موزیک گوزارشتی لێ دەکات بیرۆکەی موزیکییە. ئەوە جوانییەکی ئەفسانەیی نییە، بەڵکو لە خودی خۆیدا دوماهییە و لە هەمانکاتیشدا ئامرازی نوێنەرایەتیکردنی هەست و بیرۆکەش نییە، بەڵکو جوانییەکی خود ئامێزە. (Hanslic, 1970 p.491)

چۆن دەتوانین وابکەین مرۆڤایەتی دووبارە چێژ لە هەستی خۆشی وەرگرێ؟ ئێمە دەبێ بە تایبەتی جوانییەکانی کاری موزیکی بکەینە بابەتێکی سەرسوڕهێنەر. لە زاراوەی تازەدا خەیاڵ تەنیا کاتێک ئازاد دەکرێت کە کرداری هەستکردن بە سەرسوڕهێنەری بناسێتەوە، بەڵام ئەو بابەتەی سەرسوڕهێنەرە کردارییە؟ هونەر کارێکی دەستەجەمعی ڕزگارکردنی ڕۆحە و داهێنانیش دەبێتە لێشاوێکی زیندووی بوونمان. (المسكيني، ٨٩)

بە ڕای توێژەران و لە ئاکامی دووبارە دارشتنەوەی موزیکی کەلەپووری و بە ئامانجی گەیشتن بە ئاوێتەکردنێکی زانستییانەی هەردوو چەمکی ڕەسەنێتی و هاوچەرخێتی، زەمینەسازییەکی لە بار و گونجاو بۆ ئەو فرە کولتوورییەی کە کۆمەڵگا ئەمڕۆ لەگەڵیدا کارلێکدەکات دێتەئاراوە، چونکە دووبارە دارشتنەوەی ئەو موزیکە کەلەپوورییە حاڵەتێکی ئەرێنی و هەنگاوێکی زانستییانەیە بۆ گەیشتن بە هاوکێشەی (کەلەپوورو هاوچەرخێتی لە سەر یەک ژێی داهێنان)، کە هونەرمەندی بە سەلیقە بە بەردەوامی هەوڵی بۆ دەدات، چونکە بابەتە هونەرییەکانی بەرهەمهاتوو بە ناوەڕۆک و مانا و بەها جوانیناسییەکانەوە گردەدەن. بەم شێوەیە هونەریەش دابونەریتی موزیکی کەلەپووری سەر لە نوێ بە بۆتەیەکی نوێ دادەڕێژرێنەوە کە لەگەڵ شێوازی موزیکی هاوچەرخدا

بگونجێت، چونکە دانەری موزیکەکە، لە ڕوانگەیەکی کولتووری هاوسەنگەوە و لەسەر بنەما بابەتییەکانی (کۆکردنەوە – شیکردنەوە – ئامادەکردن - ژەنین - تۆمارکردن) ژیرانە مامەڵە لەگەڵ موزیکی کەلەپووری دەکات.

هونەرمەند، هەرچییەک بێت، بابەتەکەی خۆی بە گێڕانەوەیەکی کتومتی واقیع ناگونجێنێت، بەڵکو پێکهاتەیەکی نوێخواز پێکدێنێت بەو مەبەستەی کە بابەتەکە بۆی بەرجەستە دەکات. کاری هونەری بەو ڕادەیە ناتوانرێت پێوانەبکرێت، ئەگەر لەگەڵ بابەتی ڕەسەنی خۆیدا خۆی نەگونجێنێت. ئێمە خودی بابەتەکە نابینین، بەڵام لە ڕوانگەی ئەخلاقییەوە دەیبینین، لە بەر ڕۆشنایی مەبەستێکی ڕەفتاری کە کار دەکاتە سەر کاری خەیاڵ و ئاراستەی دەکات، کە چۆن بابەتەکە دووبارە دروستدەکاتەوە. بۆیە پێویستە بەهای کارە هونەرییەکان بە هاوسەنگی کردارییی گێڕانەوە و مەبەستداری کۆتایی هزری هونەرمەند پێوانەبکرێت. (عصفور، ١٩٩١: ل٢٣١)

مانای جوانییەکانی موزیکی بریتییە لە گونجانی توخمەکانی داهێنانی کاری (ڕیتم، ئاواز، هارمۆنی، دەربڕین و بنیادنانی شێوە و تێمپلەیت). بەشێکی زۆر لە دەرخستنی ئەو واتایە بە ئاواز و دانانە هونەرییەکانەوە بەندە، بە ئەزموونی هونەرمەندان، بە بیروبۆچوونەکانیان گوزارشت لە بابەتی خۆیان و ناوەڕۆکی نێوخۆیی دەکەن. بەهای جوانییەکانی ئەو پارچەیە پشت بە دوو شت دەبەستێت: یەکەم، ئەوەی کە دانەری موزیک دەتوانێت تا ئەو ڕادەیەی کە بتوانێت یان ڕاستەوخۆ یان لەلایەن هونەرمەندێکی نمایشەوە هەست و سۆزی خۆی بە ئێمە بگەیەنێت. دووەمیان، بەهای ئەو هەست و ئەو مەرجانەیە کە پێمان دەگەیەنێت، بەڵام یەکەم شت پێویستی بەوەیە کە بیسەر و گوێگری موزیک بتوانن ببنە ئامرازی پەیوەندیی سۆزداری، بۆیە لێرەدا ئەگەر مرۆڤ هەستیار

بێت بۆ ئەو بارودۆخ و هەستانەی کە موزیکژەنەکە هەوڵیداوە پێمان بگەیەنێت، ئەوا ئامانج و مانای جوانییەکانی موزیکیی دێنەدی و دەستەمۆ دەکرێن. (توما، ٢٠١٥: ٥٣-٥٤)

هەندێک باس لەوە دەکەن کە دانەرانی موزیکی هاوچەرخ لە کەلەپووری موزیکی جیهانی جیابونەتەوە و ئەو بەیەکەوە بەستنەوە و ئاوێزانەیان تێکشکاندوە، کە کەلەپووری موزیکی لەسەر بنیادنراوە. بەڵام ئەم باوەڕە هەڵەیە، چونکە موزیکی سەدەی بیست بە زەمینەسازی هارمۆنی نوێوە دەربڕینی فراوانتر و فراوانتری دروستکرد کە هزری هونەرمەندی داهێنەر دەیتوانی لە پێکهاتەی موزیکیدا وێنای بکات بۆ دەربڕینی هەموو جوانی و ڕەنگەکانی دەوروبەری خۆی. (الربیعي، ٢٠٠٩: ل ٨)

هەموو بابەتەکان بە ئیستحقاقی دانەرانی موزیکی باشن، پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئەی هونەرمەندی گەنج، ئایا تۆ چاوەڕوانی بابەتێکی موزیکی؟ لێرەدا هەموو ئەو شتانەی کە دەکاردەبردرێن بابەتن، بەڵکو بابەتەکە خودی خۆتە، ئەوە تێڕوانینی تۆیە. هەستەکانت لە بەرانبەر سروشتدا دەبێت لە ناختدا بڕوانن. بابەتی ڕاستەقینەی کاری هونەری تەنیا شێوازی هونەرییە بە مانای تایبەتی تێگەیشتنی جیهان، واتە خودی هونەرمەند و ستایل و شێوازەکەی. ئەمانە نیشانەی دڵنیای کۆنترۆڵکردنی ئەون لەسەر هونەرەکەی. (بوردیو، ٢٠١٣: ٣٩٥)

جوانی ئەو شتەیە کە هەست بە ڕێکوپێکی و هاوئاهەنگیی ڕۆحمان لەگەڵ دەوروبەردا دەکەین و هەر ئەویش کامڵێتیمان پێ دەبەخشێت. ڕەنگە ئەو کامڵێتییە لە دیمەنێکی سروشتدا بێت، یاخود لە کاریگەرییەکی هونەریی دروستکراوی مرۆڤدا بێ، بە هەر حاڵ ناتوانین پێناسەیەکی ڕوون بۆ ئەوە بکەین کە جوانی چییە، چونکە لە ڕاستیدا هەستێکی

ناوەکییە، مەعریفەی جوانی بابەتی عەقڵ و پێوەرەکانی نییە، بەڵکو کارێکی سۆزداریی ڕەهایە. (جبور، ١٩٨٤: ل ٨٥)

جوانی لە هونەر گشتگیرترە، پەیوەندیی جوانییەکانی حەقیقەتی بوونە و بە گشتی سروشت و ئەنجامەکانی لە چۆنیەتیی مامەڵەکردنی مرۆڤ و جیهانی سروشتی و کۆمەڵایەتیدا دەردەکەوێت. هەروەها بۆ هونەر، چالاکییەکی جوانیی تایبەتە، کە لەلایەن تاکە هونەرمەندێکەوە بەرزکراوەتەوە، جوانییەکان توخم و تایبەتمەندیی هونەر دیاردەکەن و کارە هونەرییەکان لە بازنەی ئەم توخم و تایبەتمەندی و سیفەتانەدا پیشاندەدەن. جوانی چۆن بە شێوەیەکی بنچینەیی مامەڵە لەگەڵ واقیعی هونەریدا بکات، ئەوا بەو شێوە بیرکردنەوە جوانییە پەیوەست دەبێت. (سعید، ٢٠٠٩: ل ٨٧)

هەموو بابەتێکی موزیکی کە هەڵگری بنەما هونەری و کلتووری و کۆمەڵایەتیی نێو کۆمەڵگاکەی بێت، دەبێ وەکو پێداویستییەکی گرنگ مامەڵەی لەگەڵدا بکەین، چونکە تیشکدەخاتەسەر ناسنامە و ڕەسەنێتیمان بەدەستدەهێنێت، بەو پێیەی کە ئەو بەها و مانایانە بەرجەستە دەکات کە بە درێژایی مێژوو هەمیشە پابەندبووین پێیانەوە، بەم پێودانگە کەلەپووری موزیکی بە سامانێکی گەورەی نەتەوەیی دادەنرێت، بەهۆی ئەو تایبەتمەندییانەی کە گوزارشت لە ڕاستەقینەی دەربڕینی ڕۆحی گەل دەکات، هەروەها یەکێکە لە کۆڵەگە و پایەکانی کلتووری نەتەوەیی و بەڵگەیەکی ڕوونیشە لەسەر بوونی مەعریفیی ئەم نەتەوەیەش.

بەڵام دەبێت هەمیشە لەبیرمان بێت کە هونەر بە هیچ شێوەیەک ئاراستەی تێگەیشتنی ئاگایی ناکات، بەڵکو بۆ تێگەیشتنی هەستێکی ناوەکییە. کاری هونەری هەڵتەکاندنی فیکر نییە، بەڵکو هەستکردنە پێی، زیاتر هێمایەکە لە ڕاپۆرتێکی ڕاستەوخۆی دەربڕینی جوانی دەچێ، هەر بۆیە شیکردنەوەی بە ئەنقەست و ئاگایی ئەو کارە هونەرییە، وەک ئەوەی

لێرەدا پێشکەشمانکرد، تەنیا وەک وێنەکێشانێک، ناتوانێت خۆی ببێتە هۆی ئەو چێژەی کە کاری هونەری هەمیشە سەرسامان دەکات، ئەمەشیان رێک وەک ئەوە وایە کە چۆن پێش ئەوەی ئاگامان لە بوونەکەی بێت، بەرهەمهێنراوە. (رید، ١٩٩٨: ل ٤١)

هونەر لە ڕێگەی داهێنانی جوانی و بەدەستهێنانی زۆرترین چێژ بۆ مرۆڤەوە ناوەستێت، بەڵکو بۆ قوڵاییەکانی نێو ناخی و بۆ گونجاندنی مەزاجەکانی و پاراستن و  گونجان و بوونی هەستەکانی دەبینێت. هونەرمەند کێیە؟ ئایا گوزارشتە لە ڕۆحی ئەو گروپەی کە نوێنەرایەتی دەکات و ئەوەی کەتۆ هەستی پێ دەکەیت و لە سینەیدا بەدیدەکەیت؟ یاخود گوزارشتە لە خۆی و نەتەوەکەی و خەونەکانی؟ چ ئەو هونەرمەندە بێت یان ئەوی تر. بێگومان ئەو کاتەی سروشگیی لێ وەردەگیرێ کاتێ خۆی و گەلەکەی و تەنانەت مرۆڤایەتیشی کردبێتە چەقی بیرکردنەوەی فەلسەفیانە لە پەیامی هونەر و کەلەپوور و ڕەسەنێتی و  گرێدانیان بە هاوچەرخێتیەکی نوێگەریانە. (عکاشة، ٢٠٠٢: ل ٢٠)

دەیڤد سپێرکینس کەسایەتیی داهێنەری بە شەش خاڵی وەچەرخێنەر وەسفکردووە، بەڵکو تایبەتمەندیی دەروونی و جیاوازیشی پێ بەخشیون، ئەوەشی خستۆتەڕوو کە تاکەکان و ئافرێنەرەکان ڕەنگە هەر شەش تایبەتمەندییان نەبێت، بەڵام ئەوەندەی هاوبەشییان بکات، داهێنەرتر دەبن:

١ - مەیلێکی بەهێز بۆ جوانییەکانی تاکە کەسیی.

٢- توانای زۆر بۆ دۆزینەوەی کێشەکان.

٣- جووڵەی ئەقڵی، یان توانای بیرکردنەوە لە لۆژیکی دژەکان و لەیەکنەچووەکان.

٤ - ئامادەکاری بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسییەکان، کاتێک بە دوای جۆش و خرۆشدا دەگەڕێیت.

٥- بابەتی لە بیرکردنەوە، تێگەیشتن و پابەندبوون بە پڕەنسیپەکان.

٦ - هاندانی ناوەکی، یان هێزی پاڵپشت و پشت داهێنان. (مشکور، ١٩٩٤: ل ١٦٣-١٦٤)

بۆیە دیدی هونەری، کاری خەیاڵە بۆ بەرهەمهێنانی بابەتەکانی و لێرەدا وەک مەرجێک دەبینرێ. هەر ئەو بابەتەشە کە لە تاریکی یان چڕیی شتەکان و چییەتی ئەوان لەسەر بابەتە جێگیرەکان کە پۆلێنکراون، پێداگیریدەکات، تێگەیشتن لە ئاستی وێناکراوی هونەری بەبێ سەلماندنی ڕاستی و دروستیی جوانییەکەی، کارێکی ئەستەمە بۆ هونەرمەندی داهێنەر. هەروەها بەرجەستەکردنی بابەتێک کە جیاوازبێ لە ئامانجی سەرەکیی ڕاستەقینەی خودی هونەرمەندەوە، کارێکە خزمەت بە پڕۆسەی کەسایەتیی داهێنەر ناکات. (قنصوە، ٢٠٠٥: ل ٥٥)

خەیاڵ پەیوەندی بە بەهاوە هەیە، چونکە پێویستە ئەو پێداویستییانەی کە دەکرێنە بەری وەک بابەتێکی گرنگ هەڵبژێردرێن. لێرەدا پرسیار ئەوەیە کە چ شتێک دەتوانێت ببێتە ئامرازێک بۆ کۆتایی؟ بۆ ئەوەی ئەگەرەکان جیابکرێنەوە و پلە یەک بن. لێرەدا بەهاکان چرۆ دەکەن، ئەوە هۆشیارییە لە ئەگەرەکان، هەڵبژاردنی مەبەستەکان و ماناکان. کاریگەریی ئەو بەها هونەرییانە لە جیهانی سروشتیدا و لە هەموو بوارەکانی جیهانی مرۆڤدا دەدرەوشێنەوە. (سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٥)

بۆیە بەم شێوە بینینە هونەرییە دەکرێتە ئامانج و کردارەکانی بەرجەستە دەبن، چونکە لەگەڵ خەیاڵە بەپیتەکانی داهێن و ناسکی هەستی

خاوەندارێتی داهێنەر لەم واتایانە هاوبەشن، بۆیە خەیاڵ بەشێکی بنەڕەتیی کاتە، چونکە ئەو هێزە دینامیکییەیە کە مرۆڤ و پەیوەندییەکانی لەگەڵ شتەکان مانای ئەوەی دەداتێ کە لە پێداویستییە زیندوو و ڕۆحییەکانی ئەوەوە بێت و بێگومان ئەو توانست و بیرکردنەوە داهێنەرانەش لە لایەن هێزی خەیاڵەوە بەرهەمدەهێنرێت. (لطفي، ١٩٩٧: ل ٧١)

توێژەران پێیان وایە موزیکی فۆلکلۆری پێکهاتە و شێوازێکی گرنگی دەربڕینی جەماوەرین، بەو پێیەی یەکێکن لە کۆنترین شێوە دەربڕینەکانی هونەری کە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی ناسیویەتی. چونکە هەر گەلێک خاوەن تایبەتمەندیی مێلۆدی و ڕیتمی خۆیەتی کە لە گەلانی دیکە جیایدەکاتەوە. موزیکی فۆلکلۆری بەرهەمی هەموو کۆمەڵگان لە ڕێگەی ئەو سیفەتە هونەرییانەی کە دەریدەبڕن و بەم شێوەیەش زیاتر ڕەنگدانەوەی هەستی دانەرە نادیارەکان و کەسانی نمایشکار دەخاتەڕوو. لە تایبەتمەندییە دیارەکانیدا ئەوەیە کە بنەچە و دانەرەکانی دیار نین. چونکە لە ڕۆحی گروپەوە سەرچاوەی گرتووە و ڕەنگدانەوەی تەواوەتی ژیانی کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری و کلتووری کۆمەڵگای پێوە دیارە و بە شێوەیەکی زارەکیش لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر گوازراونەتەوە و دەگوازرێنەوە.

## ٣- ئەنجام و ڕاسپاردە و پێشنیاز:

### ٣- ١ ئەنجامەکان:

١- پەیوەستبوونی ڕەگی گوتاری موزیکی لەنێو پسپۆڕانی کەلەپووردا و دوانەی ڕەسەنێتی و هاوچەرخبوونیان وەک هێنانەدیی یەکەیەکی ئۆرگانیکی دەرکەوت، کە ڕەنگدانەوەی دیدی هاوچەرخێتیی کەلەپوورە و مامەڵەکردن لەگەڵیدا وەک ماددەیەکی خامی سەر بە ڕابردووە پڕشنگدارەکان بووە.

٢- موزیکی ڕۆژهەڵاتی بە گشتی بەو ڕاستییەی کە هەیەتی نزیکترە لە دەربڕینێکی خۆڕسک لەوەی سروشتێکی سیستماتیک و دەربڕینی کۆکراوەیی هەبێت.

٣ – دۆزینەوەی وردەکاریی نوێ لەسەر ئەو پێشینەی کە کەلەپوور و کەلەپووری موزیکی ڕۆژێک لە ڕۆژان یاخود لە شوێنێک لە شوێنەکاندا لە حاڵەتی بێدەنگی یان بێ جوڵەدا نەبووە و لەگەڵ هەر نمایشێکی بابەتەکان، نوێکراوەتەوە و گۆڕاوە و لەگەڵ جوڵەی ئەم نوێبوونەوە و گۆڕانەش سیمایەکی تازەی وەرگرتووە.

٤- بەهای جوانییەکان فانکشنی پۆزەتیڤی خۆیان لە ڕێنمایکردنی شێوازەکانی هەڵسوکەوتی گشتی ئەنجامدەدەن بەهۆی پێوەرە ئەرێنییەکان، یاخود یاساکانیان بۆ پاراستنی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و گەشەکردنی کۆمەڵگا.

٥ – میلۆدی لە ماناکاندا دەشەکێتەوە و هەستکردن بە شێوە و توانای خستنەگەڕی خەیاڵ. پاشان پرۆسەکە بە هەست و هزرێکی هونەرییەوە تەواودەکرێن بە جۆرێک کە پێشوازیی هونەریی ڕووبەرێکی چێژبەخشی جوانییەکان دێنێتەبەرهەم.

٦- هەستی جوانی تەنیا هەستی گونجاندن و شێوە و دەنگ و ڕووناکی نییە. چونکە هاوئاهەنگیی ئەو جوانییە ڕەهایە، گوزارشت لە جوڵە و لە گۆڕانکارییەکانی ئەم بزووتنەوەیە لەژێر تەبایی و گونجانی ڕیتم دروستدەبێت بێ ئەوەی سنووری خۆی لەدەستبدات و دواتر گەوهەر و جوانیی خۆیان لە فۆڕم و ناوەڕۆکی ڕیتم دەبیننەوە. لێرەدا پێکهاتە هونەرییەکە گەوهەری جوانیی ڕاستەقینەیە.

٧- هەمیشە جەخت لەسەر ئەوە دەکەین، کە خستنەکاری کەلەپوور بە مانای لاساییکردنەوەی کەلەپوور نییە. بۆیە ئێمە نابێ ئێستا و داهاتوومان بگەڕێنینەوە سەر دوێنێی ڕابردووەکانمان، بەڵکو دەبێ ڕەگ و ڕیشەی ئایندەمان لەنێو لاپەڕە پڕشنگدارەکانی دوێنێدا ببینین.

٨- زانیارییەکانی مێژوویی، کەلەپوور و زانیاریی کۆمەڵایەتی کە هەندێک جار سروشتی و وردەکاری وەردەگرێت. نەک تەنیا بە مەبەستی کۆکراوەی مەیدانی و جۆری و گشتگیریی داهاتوو و ڕاپرسییەکانی شارستانیەتی دەنگی کەلەپوور و هونەرە موزیکییەکان لە شوێنێک بەکاردێت، بەڵکو ڕەنگە بۆ ئەو پەیوەندییە بێ کە تایبەتمەندیی بابەتی کەلەپوور و میراتی موزیکی میللی تر لە شوێنە دەوڵەمەندەکانی هەرێمی کوردستان لە ڕووی موزیک و گۆرانییەوە کە تا ئێستا ڕووپێوی مەیدانی بۆ نەکراوە و نەدۆزراونەتەوە.

٩- پرۆسەی خستنەکاری کەلەپوور بە پرەنسیپێکی ئاگا و زیندوو و پێگەیشتوو تێپەڕ دەبێت، ئەمەش هەوڵدانێکی ئەرێنییە بۆ سوودوەرگرتن لە هەموو دەستکەوتەکان، بۆ بەدەستهێنانی پێشکەوتن و بنیادنانی کۆمەڵگایەکی هونەریی سەر بە خاک و شوناس و دۆزی خۆی.

١٠- بە سروشگیریی وەرگرتن لە دانەرە موزیکییەکان، لەو بابەتە گونجاوانەی نێو کەلەپوور، کە دڵنیابوونی پاراستنی شوناسی کلتوورییان

لەخۆگرتووە، بە شێوەیەکی هونەری و بایۆلۆجی و ڕەمزی، بە ئامانجی خزمەتکردنی ئێستا و داهاتوو بۆ خستنەکاری بەها پیرۆزەکانی موزیکی کەلەپووری دوور لە  پەراوێزکردن و ڕووکەشی و گاڵتەجاڕی.

### ٣-٢ ڕاسپاردەکان:

بۆ ئەوەی بوارەکانی پاراستنی ڕەسەنێتی و شوناسی (موزیک و گۆرانی کەلەپووری کوردی) و بەهەندهەڵگرتنی ڕۆڵی هاوچەرخێتی و نوێگەریی لەو پڕۆسەیە گرنگ و پڕ بایەخەدا و ڕەنگدانەوەی سروشگیریی جوانییەکانی لە کاری موزیکیدا کە کەلەپووری میللی هەمیشە هەوێنەکەیەتی لە باڵاترین لێپرسراوەییەتیدا لە هەرێمی کوردستانیشدا وەکو وڵاتە پێشەنگ و پێشکەوتووەکاندا لەو بوارە هونەرییە هەستیارەدا پارێزراو بێت. توێژەران ڕاسپاردەکانیان ئاڕاستەی لایەنی پەیوەندیدار لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەکەن کە بەدواداچوونی بەردەوام بۆ پاڕێزگاریکردن لەو سامانە نەتەوەییانە بکەن، بۆیە: -

١ - توێژەران پێشنیازی دیراسەکردنی بارودۆخی هونەرمەندانی میللی و هەڵگرانی کەلەپووری هەردوو ڕەگەز دەکەن لەلایەن دەزگا و بەڕێوەبەرایەتییەکانی پەیوەندیدار بە بواری کلتووری لە وەزارەتی ڕۆشنبیریی هەرێمی کوردستان، بەهۆی تایبەتمەندییەکانیان و کونڤیبێوێنەیی کارەکانیان، کە دەبێت لەسەر بنەمای چەمکە لۆکاڵییە میراتکراوەکانی تر بێت، کە بۆتە زۆرترین پێویستی بۆ ڕیتم و میلۆدییەکان.

٢- توێژەران لەکاتی بەکارهێنانی کەلەپوورە موزیکییە میللیەکانی دەرەوەی ئەو ژینگەیەی کە بەرهەمیهێناوە پێشنیازی ئەوە دەکەن کە بەڕێوەبەرایەتییەکانی پەیوەندیدار بە بواری کلتووری لە وەزارەتی

ڕۆشنبیریی هەرێمی کوردستان ڕێوشوێنی پێویست بگرنە بەر بۆ دڵنیابوون لەوەی کە ڕەسەنن، هەروەها ڕێگریکردن لە مەترسیی شێواندنیان.

٣- پێویستە توێژەران لە خوێندنی بەرایی و باڵا لە هەرێمی کوردستان گرنگیی مامەڵەکردن لەگەڵ گۆرانییە کەلەپوورییە کۆنباوەکانی کوردی و دەستپێکردنی پڕۆسەیەکی گشتگیری ڕووپێوی مەیدانی لە بابەت و شوێنە جۆراوجۆرەکانی کوردستان بدەن.

٤- توێژەران پێشنیازی نووسینەوە و شیکردنەوە و خستنەکار بە شێوەیەکی گونجاو بۆ کەلەپووری موزیکی و ڕووپێویی مەیدانی لە وەزارەتەکانی خوێندنی باڵا و پەروەردە و پلاندانان دەکەن لە بوارە هونەرییە هەمەجۆرەکاندا بۆ گەیشتن بەو بەها جوانییانەی کە مەبەستن.

٥ – موزیک وەک هونەرەکانی تری گەلانی جیاواز سروشتی خۆی هەیە، ئەم هونەرە سیستەم و پرەنسیپێکی پێکهاتەیی دیاریکراوی هەیە بۆ گەشەکردنی میلۆدی و فۆڕمێکی پێکهاتەیی جوانییەکانی دیاریکراو و ئاوازە موزیکی و هۆنراوەیی بە گشتی بە میتۆدێکی ناوەڕۆک دیاریکراو دادەنرێت، کە چیرۆکەکان لە ئەفسانەی میللی و لە ڕابردووە پڕ سەروەرییەکانی مێژووی خەڵکەوە وەرگیراون، بۆیە توێژەران پێشنیازی ئەوە دەکەن کە پێگەیەکی نەتەوەیی زەمینەساز لەسەر دامەزراوە هونەرییەکان لە وەزارەتی ڕۆشنبیری لە ئارادا بێت و بە شێوەیەکی هەمیشەیی و بەردەوام دەستبەکار بێت و بەرپەچدانەوەی ڕاستەوخۆی هەبێت سەبارەت بە شێواندنێکی بە ئەنقەست کە بەرنامەڕێژکراون بۆ لادانی جوانییەکانی ئەو میلۆدیانە و هەروەها ڕەوشت و ئاکاریان.

٦ – گرنگی و سەرنجدان بۆ کەلەپووری موزیکی فۆلکلۆری و بەکارهێنانی بە شێوەیەکی ئەکادیمی بۆ خزمەتکردنی لقەکانی موزیکی

سیستەماتیک لە بەشی موزیک لە پەیمانگا و کۆلێژەکانی هونەرە جوانەکان.

٧- پێویستە موزیکزانان و دانەرانی موزیک لە بەشی موزیک لە پەیمانگا و کۆلێژەکانی هونەرە جوانەکان، ئارەزووی خۆپەروەردەکردنیان هەبێت و ئەزموونەکانیان لە خوێندنی تایبەتدا دەوڵەمەندبکەن.

### ٣-٣ پێشنیازەکان:

١- ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەیەکی گشتگیر لە بابەتی دەنگی و مەبەستمان لێرەدا دیراسەکردنی گشتگیری تەواوی تێگەیشتنی ئاسۆی سەرچاوەکان و سەرچاوەکانی چنینی موزیکی زیندوو و ڕوونکردنەوەی ڕەهەندەکانی تێگەیشتنی ستوونی لێی بە بەراوردکردن و شیکردنەوەیان.

٢- هونەرمەندانی میللی و هەڵگرانی کەلەپوور و میراتی میللی و کلتووری بخەنە بواری پەیوەندیی ڕاستەوخۆی خەڵکەوە و شێوازەکانی بڵاوکردنەوەی کەرەستە هونەری و کلتوورییەکانیان لە بۆنە نەتەوەیی و کۆمەڵایەتییەکاندا لە کەناڵەکانی دەزگا فەرمی و نافەرمییەکان پەخشبکرێن.

٣- ئەنجامدانی دیراسەیەکی سیستماتیکی تەواوکەری ئەم توێژینەوەیە لە پڕۆگرامێکی خوێندندا کە تەرخانبکرێ بۆ بابەتی شیکردنەوەی موزیکی کەلەپوور و گۆرانیی فۆلکلۆری لە فاکەڵتییەکانی هونەرە جوانەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق.

٤- ئەنجامدانی دیراسەیەکی پڕاکتیکیی تەواوکەریی ئەم توێژینەوەیە و خستنەڕووی کاری هونەریی لەخۆبگرێت، کە یاوەریکردنی وشەکان لەگەڵ دیراسەیەکی سروشگیریی جوانییەکانی لەسەر ناوەڕۆکی ئەو کارە کەلەپوورییانە و وەڵامدانەوەیان بۆ پێداویستییەکانی بوارەکانی موزیک لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا.

## پەراوێزەکان:

١- کەلەپوور:

دەروازەیەک بۆ زاراوەی کەلەپوور: (کەلەپوور) وا دیارە بیرۆکەی گواستنەوەی شتێک بە درێژایی کات مانای ڕەسەنی زاراوەی کەلەپوور بێت و کەلەپوور لە زماندا سەرچاوەی ئەو کردارە بێت کە میراتی بۆ ماوەتەوە، ئەویش ئەوەیە کە مرۆڤ بۆ میراتگرەکانی دەیهێڵێتەوە.

دەوترێت: میرات، بۆماوە، پاشماوە.

میرات و کەلەپوور بنچینەکەی بۆماوەییە. یوسف، ص١

کەلەپوور گواستنەوەی میراتە و میرات هەموو ئەو شتانەیە کە دەگوازرێتەوە یان میراتی بۆ دەگوێزرێتەوە. بە واتایەکی تر، وشەی کەلەپوور زاراوەیەکە لە زمانی ئێمە و هی ئەوانی تر مانای کەلەپوور و گواستنەوە دەگەیەنێ کە ئەم شتە میراتییە یان ئەو پارەیە کە جێنشین لە باوباپیرانەوە بۆی ماوەتەوە. ئەم چەمکە دواتر مانای کۆنباوی خۆی لە میتافۆر و لێکچوونەوە بۆ میراتی پارە پەیداکرد و زۆرجار هەموو توخمەکانی کلتوور لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر دەگوازرێنەوە. ئەم جۆرە چەمکانە لە یەک حاڵەتدا نامێننەوە، بەڵکو تێبینی و سێبەرەکانی دیکەی مانا پەیدا دەکەن بۆ ئەوەی زاڵ بن و لە مانا ڕەسەنەکە بپەڕنەوە بۆ ئەوەی بتوانێت هەموو شتێکی پەیوەست بە زاراوەی ڕەسەن فراوان بکات و هەریەکەیان لە ڕێگەی تێڕوانینی خۆیەوە ببینرێن، تا ئەو کەلەپوورە ببێتە پێناسەیەک کە لە فرەیی ئەو ناوچانەی کە تێیدا بەکاردەهێنرێت بگونجێ و تا ئەو ڕادەیەی خەسڵەت و گونجانەکانی کە لەگەڵیدا بەستراوەتەوە بۆ نموونە، کەلەپووری کلتووری، کەلەپووری باو، کەلەپووری تەلارسازی، کەلەپووری سروشتی، کەلەپووری هونەری و کەلەپووری موزیکی. کەلەپوور بەبێ گوێدانە ئەو فۆڕمەی کە تێیدا داڕێژراوە، یان کاری هونەری وەک شێوازێکی ڕوونکردنەوەی پەروەردەیی ناسراوە و کەرەستەی کەلەپووریش وەک لە بەرگێکی نوێگەریدا، وەک شانۆ و چیرۆکی درێژ پێشکەشدەکات و

گەوهەری کەلەپوور بە بەردەوامی دەمێنێتەوە بەبێ سڕینەوە و زیادکردن یان بۆ پێشکەشکردنی کەلەپوور لە فۆڕم و کەش و هەوای نەگۆڕی لاساییکردنەوەیدا، یاخود پاراستنی کەرەستەکانی لە فۆڕم و ناوەڕۆکدا. دەکرێت بوترێت کەلەپوور ئەو بابەتەیە کە ماوەیەک پێش ئێستا پێمان گەیشتووە و، فۆڕمێکی بۆماوەییە، واتە میرات و حاڵەتێکی بەخشین لە چەندین گوتاری بوونی مرۆڤدا، جا چ موزیکی یان لیریکی یاخود ئەدەبی بێ. هەروەها لێکدانەوەیەکی تری کەلەپوور دەربارەی ناوەکەی و کەی پێی دەڵێن کەلەپوور؟ هەندێک پێیان وایە کەلەپوور شتێکە کە لە ڕابردووەوە بۆمان ماوەتەوە، بەڵام لە ڕاستیدا کەلەپوور ئەوەیە کە لە ڕابردوودا ڕەگ و ڕیشە و بوونی ڕاستەقینەی خۆی هەیە لە کاریگەری بەسەر ئێمە و ژیان و بیر و خەیاڵماندا. کەلەپوور فۆڕمێکی کلتووریی جیایە کە گوزارشت لە تایبەتمەندییە قووڵەکانی مرۆڤ دەکات و لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر دەگوازرێتەوە، کە لە سەردەمێکی جیاواز و ژینگەیی جیاوازدا زیندوو دەبێتەوە و گۆڕانکاری کلتووری ناوخۆیی و ئاسایی نیشاندەدات بەڵام هەمیشە یەکەیەکی بنەڕەتیی بەردەوامی هەیە.

٢- موزیکی کۆنباو کۆمەڵە موزیکێک نیشاندەدات کە لکێندراوە بە کلتوورێکی نەتەوەیی یان ناوچەیی یان بۆ ناوچەیەکی جوگرافی. موزیکی زارەکی یان میللی بە گوێ دەگوازرێتەوە، بەڵام هەندێک لە باندەکان و موزیکژەنانی ئێستا پێیان باشە بیانجوڵێنن بەسەر بەشەکاندا بۆ تێگەیشتن و پۆلێنکردنیان.

موزیکی میللی جیاوازترە لە موزیکی فۆلکلۆر، چونکە تەرکیز ناکاتە سەر پیشاندانی ڕابردووی موزیک بەڵکو لەسەر زیندووکردنەوەی موزیکی پەیوەست بە کەلەپوورە کلتوورییە میللیەکان لە حاڵەتی خۆیدا دەوەستێ. (علي، ٢٠١٦: ل ٣٣٥)

٣- ڕەسەنێتیی:

ڕەسەنێتی ڕەسەنێتی خۆی لەخودی خۆی وەرگرتووە نەک لە دەسەڵاتی ڕابردوو. نەتەوەی داهێنەر نەتەوەیەکی ڕەسەنە بەو مانایەی کە دەمانەوێ

گوزارشتی پێ بکەین. لە کەلەپووردا وەک لە هەموو کەلەپوورێکی تردا ڕەسەنێتی هەیە و بەم مانایە ناسراوە. ئێمە ئەم جۆرە ڕەسەنێتییەمان نییە، چونکە هێشتا خودی ڕاستەقینەی خۆمان ناناسین کە بەو ساتە مێژووییەی تێیدا دەژین و ئەو شوێنە و هەلومەرجە بابەتییانەی کە بوونمان پێناسە دەکەن دیاریبکەین. بەڵکو بەداهێنانیش و بە ناوی ئەوەی شوناس و خودی خۆمانمان پێ دەبەخشێت. ئەو هەلومەرجە مێژووییە بابەتیانەیە کە واقیعەکەمان وەک گەل یان وەک نەتەوە پێکدەهێنن، بریتین لەو تەحەدا و چارەنووسانەی کە ڕووبەڕوومان دەبنەوە. (عباس، ٢٠١٦: ل ١٥٥)

ڕاستی و دروستیی ڕەسەنێتی خۆی دەرناکەوێت و پێویستیش نییە بزانرێت. بەڵام بێشک شتێکی شایستەی ئەو جۆرە ستایشەیە، کەواتە ئەم ڕەسەنێتییە شایستەی شکۆداری چییە؟ لە ڕاستیدا پێچەوانەی ئەو شتەیە کە زۆر شکۆدارە بە ناوی "ڕەسەنێتیی"ەوە، واتە کەلەپوور نەک لەبەر ئەوەی کەلەپوور ڕەسەنێتیی نییە، بەڵکو لەبەر ئەوەی کە خۆی بە ڕەسەنی وەردەگیرێت، یان وەک ستانداردی خۆی، ئەمەش یەکێکە لە گەورەترین و درێژترین هەڵەی کە تێیدا دەژین. چونکە، ڕەسەنێتی کات و مێژووی خۆیەتی نەک ڕەسەنێتیی ئێمە. (ادوارد، ٢٠٠٩: ل ٤)

٤- هاوچەرخێتی:

واتە هەڵکردن لەگەڵ ئەو چاخەی کە تێدا دەژیت و بەردەوامدەبێت لە کات و ژیاندا و کۆمەڵێک ئاراستە و بەها و شێوازی بیرکردنەوەن، کە پێویستە بە بەشداریی چالاکانە لە کۆمەڵگەیەکی نوێگەریدا هەبن. (الشهري، ٢٠١٤: ل ١)

پێناسەی هاوچەرخێتی Definition Contemporary

هەموو شتێک کە لە سەردەمێکدا نووسرابێت مانای هاوچەرخێتییە بۆ ئەوانەی لەو سەردەمەدا دەژین. واتە هاودەمکردنی دوو ڕووداو بۆ هاوپیشە جیاوازەکان و تەمەن ناوەند و ناوەڕاستی نێوان ڕابردوو و ئێستایە یان (خەسڵەتێکی ئەو سەردەمەیە کە پێکەوە لەگەڵ گۆڕا و پاداشتەکانی دەژین، یان

کۆمەڵێک بەهای هونەری و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتییە، کە ڕەنگدەرەوەی جۆرێک لە نووسەران یان شاعیران و هونەرمەندان و داهێنەرانن و باس لەو ئەو ژینگەیە دەکات کە لێوەی دەژین) (Long man, 1993 P 274)

٥- نوێگەری:

ڕۆلاند بارت نوێگەری وەک تەقینەوەیەکی مەعریفیی پێناسەکرد کە مرۆڤی هاوچەرخ نەیتوانی کۆنترۆڵی بکات و دەڵێت: "لە نوێگەریدا وزە شاراوەکان دەتەقنەوە و هەوەسەکانی داهێنان لە شۆڕشی مەعریفیدا ئازاددەکرێن و خێراییەکی سەرسوڕهێنەر و چڕی و بیرۆکەی نوێ دروستدەکەن، شێوە نا ئاشناکان، و شێوەپێدانی سەرسوڕهێنەر دەخوڵقێنن. البازعي، ١٩٩٩: ل ٧٢٦

٦- سروشگیریی:

سروشگیریی: ئاماژە بە هەوڵی نووسەر دەکات بۆ داهێنانی کارێکی ئەدەبی نوێ لەسەر بنەمای فۆڕم و ناوەڕۆکی خۆی یان هەردووکیان بۆ کەلەپوور و هەندێکیشیان بواری سروشگیریی فراوان دەکەن بۆ دەوردانی جۆرێک لە کەلەپوور، کە لە ڕۆحی سەردەمی نوێوە وەرگیراوە کە هونەرمەند زیندووی دەکاتەوە یان بۆ ئەوەی کەلەپوور کاری هونەریی وەک دیکۆرێک بۆ ڕووداوەکانی سەردەمی وەربگرێت و بەم شێوەیە چاوپێکەوتنی نێوان کۆن و نوێ یان کاری هونەریی خۆی لە ناوەڕۆکێکی نوێ وەک کەسایەتیی میللی گونجاندبێت. یان کاری هونەری لە کۆن و نوێ و ناوەڕۆک بخوازێت. طاهرة، ٢٠١٤: ل ١٠

٧- کاری موزیکی:

کاری موزیکی یان پارچە موزیک کارێکی هونەرییە، کە لە دەنگ و ڕیتم پێکهاتووە و فۆڕمێکی موزیکی لەبەرچاودەگرێت و بەرجەستەی دەکات، کە چۆن ئاوازەکان لەگەڵ کات و بیستن و لە ئاستی هەستکردن بە موزیکدا تێپەڕ و گوزەردەکەن، دواتریش ڕۆڵی سەرەکی لە پێکهاتەی کارەکەدا دەگێڕێت و

ڕێگەش بە تێگەیشتن لەو کارە دەدات و ئەو پڕۆژەیەش لە کۆتاییدا بە پڕۆژەی ئاوازدانانی تایبەت ناوزەد دەکرێت. علي، ٢٠١٩: ل ٣٤

کاری موزیک مانای هەیە و هیچ بایەخێکی نییە، واتە لەوانەیە بوترێت کە غەمگینە، دڵخۆشکەرە، سەمائامێزە، قارەمانێتییە، بەڵام موزیک دەوڵەمەندتر و قووڵتر دەمێنێتەوە. ئەمەش بە شێوەیەکی سەرەکی دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازیی نێوان یەکەی دەنگی موزیکی و یەکەی دەنگیی زمانەوانی، کە یەکەمیان جوانییەکەی لە پلەی یەکەمدایە و دووەمیان تەنیا مانایە. دەنگ ڕەهەندێکی دەربڕینی هونەریی هەیە، بەڵام ڕێنیشاندەر نییە و ڕەنگە جوانییەکانی لە ناوچوون و مانا تاریکەکەی داپۆشیبێت. الشوک، ١٩٨٣: ل ٢٨٢

## سەرچاوەکان


- إبراهيم، زكريا، مشكله الفن، مكتبه مصر، دار النصر للطباعة،1967.

- ابو الحب، ضياء الدين، الموسيقى وعلم النفس، مطبعة التضامن، الطبعة الأولى، الجمهورية العراقية، بغداد، ١٩٧٠.

- ابو المجد، حنان، الاندماج العضوي بين موسيقا الشرق والغرب، مجلة الموسيقى العربية، المجمع العربي للموسيقى، جامعة الدول العربية، وزاره الثقافة في الجمهورية العربية السورية، العدد ١٤، سوريا، ١٩٩٥،.

- أبو مراد، نداء، مركزية التقليد في عملية التجديد الموسيقي، النهضة العربية والموسيقى، خيار التجديد المتأصل، اشراف نداء ابو مراد، عمان، المجمع العربي للموسيقى ،٢٠٠٣.

- انظر: كناعنه، شريف، من نسي قديمه تاه، ط،، مؤسسة الأسوار، عكا، ٢٠٠٠.

- بشة، سمير، التثاقف في الممارسة الموسيقية المعاصرة في تونس من خلال تجربتين لقاء ٨٥ لأنور إبراهيم، وتجليات لمحمد زين العابدين، بحث لنيل شهادات الدراسات المعمقة في علوم وتقنيات الفنون، المعهد العالي للفنون الجميلة، تونس، ٢٠٠٣.

- بشة، سمير، الهوية والاصالة في الموسيقى العربية، منشورات كام الشريف، الطبعة الاولى، تونس، ٢٠١٢، بورديو، بيير، قواعد الفن، ترجمة، ابراهيم فتحي، الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة، ،٢٠١٣.

- توما، مسيم هرمز، الانسجام الصوتي في مؤلفات الاوركسترا السمفونية العراقية أطروحة دكتوراه غير منشورة، قسم الفنون الموسيقية، كلية الفنون الجميلة، جامعة بغداد، 2015.

- الجابري، محمد عابد، التراث والحداثة، دراسات ومناقشات، مركز دراسات الوحدة العربية، الطبعة الأولى، بيروت، 1991.

- جاسم، فراس ياسين، جدلية العلاقة بين الأصالة والتجديد وتأثير العولمة في الموسيقى العربية، مجلة كلية التربية الأساسية، المجلد ٢٥، العدد,١٠٣، ٢٠١٩.

- جبور، عبد النور، المعجم الادبي، دار العلم للملايين، الطبعة الأولى، بيروت ١٩٨٤ الجبوري, محمد عبد الرحمن، عادل كريم سالم , عصام عبد الاحد، مستويات توظيف الموروث الشعبي في العمل الفني، مجلة كلية التربية الاساسية، العدد التاسع والخمسون, ٢٠٠٩.

- الجوهري، محمد، علم الفولكلور، دراسة الانثروبولوجيا الثقافية، دار المعارف، الطبعة الثانية، القاهرة، ،١٩٧٨ حنفي. حسن، التراث والتجديد موقفنا من التراث القديم، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، الطبعة الأولى، لبنان، ٢٠٠٢

- خليفة، علي عبد الله، استلهام التراث الشعبي في الاعمال الابداعية بمنطقة الخليج والجزيرة العربية،2016.

- الخولي، سمحة، دور الموسيقى في احياء التراث والحفاظ على مقومات الشخصية العربية لمواجهة تحديات المتغيرات المعاصرة، مجلة اتحاد الجامعات العربية، عدد خاص، ١٩٩٧م

- الربيعي، فاطمة ظاهر، تعدد التصويت في الموسيقى العربية , اكاديمية الفنون المعهد العالي للموسيقى العربية , القاهرة , ٢٠٠٩.

- رمضاني، مصطفى، توظيف التراث واشكالية التأصيل في المسرح العربي، مجلة عالم الفكر، المجلد السابع عشر، العدد الرابع، وزارة الاعلام، الكويت، 1987.

- ريد، هربرت، معنى الفن، ترجمة، سامي خشبة، الهيئة المصرية العامة للكتاب، ،١٩٩٨.

- سعد البازعي، من التفعيلة الى قصيدة النثر، استجلاء لبعض مرجعيات القصيدة المعاصرة في الخليج والجزيرة العربية، مؤسسة جائزة البابطين، الكويت ١٩٩٩.

- سعيد، توفيق، مداخل الى موضوع علم الجمال، دار الثقافة للنشر والتوزيع، الطبعة الأولى، مصر، ١٩٩٢.

- شكري عزيز ماضي، في نظرية الأدب، دار الحداثة، بيروت، ١٩٨٦.

- الشهري، خالد، توظيف العناصر الجمالية والزخرفية بمنطقه عسير في اثراء التصميم المعاصر رِسالة ماجستير غير منشوره جامعه ام القرى مكة المكرمة، ٢٠١٤.

- الشوک، على، الموسيقى بين الشرق والغرب، منشورات الجمل، كولونيا، المانيا، (ط ١) ١٩٩٧.

- الطرابلسي، فراس الموسيقى الشعبية والموسيقى الرسمية بالبلاد التونسية، صراع الهوية في المفاهيم الممارسات والتمثيل، المؤتمر الدولي الاول الخطاب الموسيقي وسؤال الهوية، وزارة التعليم العالي

والبحث العلمي، جامعة صفاقس، المعهد العالي للموسيقى بصفاقس ٢٠١٣.

- طموم، رشاد علي، التراث الموسيقي المصري بين الماضي والحاضر، مجلة الحياة الموسيقية، العدد ،١٢ ،١٩٩٦.

- عصفور, جابر: قراءة التراث النقدي , مؤسسة عيبال للدراسات والنشر , ط١, قبرص , نيقوسيا, ١٩٩١.

- عكاشة، ثروت، الفن والحياة، ط١، دار الشروق، القاهرة ،2002.

- علي، اوس حسين الموسيقى من الالف الى الياء، مكتب عالم المعرفة، بغداد، العراق، 2016.

- عمر احمد مختار معجم اللغة العربية المعاصر ميم ١، ط١، عالم الكتب مصر ٢٠٠٨.

- عن لوفير، هنرى (اللسان والمجتمع، ترجمة مصطفى صالح، دمشق ١٩٨٣.

- عياد، هاني جرجس، جدلية التراث والحداثة في خطاب الموسيقي العربي، التراث في مواجهة الحداثة

- قاسم، حسن شهرزاد، الموسيقى العربية، الطبعة الأولى، بيروت، ١٩٨١.

- قطاط، محمود، الحفاظ على الهوية العربية من خلال الموسيقي، وثائق المؤتمر الدولي حول التوجهات والرؤى المستقبلية للموسيقى العربية ٤، مسقط ١١-١٤ ديسمبر، ٢٠٠٤.

- قنصوه، صلاح، نظريتي في فلسفة الفن، دفاتر الأكاديمية، نقد أكاديمية الفنون، ٢٠٠٥.
- القيم، علي: الجمال الموسيقى، الهيئة العامة السورية للكتاب، دمشق، 2014.
- لطفي، عبد البديع، ميتافيزيقيا اللغة، الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة ،١٩٩٧ مجله أنهار الأدبية، بقلم صادق ابراهيم صادق ٢٠٠٧
- محمد طه عمر، مفهوم الإبداع، القاهرة (د. ت)، المراكشي، محمد صالح، في التراث العربي والحداثة، الطبعة الأولى، مكتبة قرطاج للنشر والتوزيع، تونس، ٢٠٠٦.
- المسكيني، ام الزين بنشيخة، الفن يخرج عن طوره، جداول للنشر والتوزيع، بيروت، لبنان، ط1،2011.
- مشكور، جليل وديع، كيف تجعلين ابنك مجتهدا أو مبدعا؟ سلسلة المعرفة، الطبعة الأولى، عالم الكتب، بيروت، ١٩٩٤.
- مصطفى سويف، الأسس النفسية للإبداع الفني، دار المعارف، ط ٣ القاهرة ١٩٦٩.
- مطر، أميرة حلمي: مقدمة في علم الجمال، دار الثقافة للنشر والتوزيع، القاهرة، ١٩٦٧.
- توفيق، سعيد: مدخل الى موضوع علم الجمال، بحث عن معنى الاستطيقي، دار الثقافة للنشر والتوزيع، القاهرة ١٩٩٢.
- موقع ملتقى المهندسين العرب – أول ملتقى هندسي عربي.

- النجار، محمد رجب، توفيق الحكيم والادب الشعبي، عين للدراسات والبحوث الانسانية والاجتماعية، الطبعة الاولى، القاهرة،2001.

- نصيرات، نضال محمود، دور الفرق الموسيقية الأردنية في الحفاظ على التراث الغنائي الأردني والعربي، المجلة الأردنية للفنون، مجلد ١٢، عدد ٢ ٢٠١٩.

- يوسف محمد عبد الله، تعريف التراث أنواعه، وكيفية الحفاظ عليه، الهيئة العامة للآثار والمتاحف والمخطوطات، اليمن،

- يوسف، عقيل مهدي: الجمالية بين الذوق والفكر، مطبعة سلمى الفنية الحدثية، بغداد، (ط ١) ١٩٨٨.


**سەرچاوە بە زمانی ئینگلیزی**

- Hanslic. Music., Representation and Meaning from the Beautiful Music, in Morris Weitz, problems in Aesthetics CN.Y.: Macmillan Publishing. Co. Inc., 1970), p.491

- Long man: Dictionary of English Language and culture, Long man 1993 P 274Eduardo


**سایتەکانی ئەلیکترۆنیی**

- http://arabmusicmagazine.org/index.php

- http://www.almothaqaf.com/qodayaama/b1d/915286

- http://www.anhaar.com/vb/showthread.php?t=21226

- http://www.arabmusicmagazine.com./index.php/
- http://www.yemen-nic.info/files/turism/studies/hefath.pdf
- http://www.yemen-nic.info/files/turism/studies/hefath.pdf
- Httpi//samirbesha.com/ar/autour-du-patrimoine-music
- www.folkculturebh.org

**ملخص البحث**

يهدف البحث الي تسليط الضوء على هوية التراث في الاصالة والمعاصرة والحداثة واستلهام جمالياته في العمل الموسيقي والتي يرتبط مضامينها بحياة المجتمع ولكونها إحدى خطواته المهمة ومصدرها الرئيسي لعملية استلهام جماليات تلك التراث في الاعمال ذات المضامين الفنية. ويتطلب من ذلك الحفاظ عليها من الاندثار والتشويه والضياع من خلال جمعها وتوثيقها ودراستها. التراث، في أبسط تعريفاته، هو تسجيل لجميع الأنشطة البشرية، في مجتمع ما منذ أمد طويل، وبعبارة أخرى، هو حماية جميع الأنشطة الإنسانية في ذاكرة جماهير الناس في العديد من الدول من أجل عكس سلوكهم الحالي في تفكير الأمة وذاكرتها. تضمن الاطار النظري أربعة محاور رئيسية، جاء في المحور الاول منه نبذة مختصرة عن هوية التراث ثم جاء موضوع تعريف التراث و اهميته وفي المحور الثاني تناول الباحث التراث في الأصالة والمعاصرة والحداثة و حدوده و موضوعاته يليه موضوع التجديد الموسيقي اما المحور الثالث فقد تناول الباحث فيه استلهام التراث في العمل الفني ثم تناول بشكل مفصل عملية المسح الموسيقي ، وفي المحور الرابع والأخير تناول الباحث جماليات التراث الموسيقي ولم يجد الباحث اي دراسة علمية و اكاديمية تناولت هوية التراث في الأصالة والمعاصرة والحداثة واستلهام جمالياته في العمل الموسيقي بشكل علمي وفني دقيق.

## Research Summary

This research aims at shedding the light on the identity of heritage in its originality, modernity, creation, and beauty in artistic work, its content relates to community life. Because it is one of the most important aspects and the main source of inspiration. Heritage, in its simplest definition, is a record of all human activity, over a long period of time. In other words, protecting all humanitarian activities in the memory of the masses of people in many nations to reflect their current behavior in the nation's thinking and behavior. The theoretical frame contains four main axes, the first a summary of the definition of heritage and then the subject of heritage and its importance. In the second axis, the researcher has addressed a number of issues of heritage in its originality. In the third axis, the inspiration on music is described in detail in the artwork and the beauty of music inspired by heritage is shown.